



# دێموکراسی بە کورتی و پوختی

نامیلکەیەکی بەڕێوەبەریی زانیارییە نێو نەتەوەییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا


وەرگێڕان لە فارسییەوە: عەلی بداغی


کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی



گەلاوێژی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی

## سەرەباسەکان:

- پێشەکی: روانینێکی تیژتێپەڕ بۆ چەمکی دێموکڕاسی( خەڵک سەروەری)
- تایبەتمەندییەکانی خەڵک سەروەری
- ئەرک و مافەکان
- هەڵبژاردنی گەلی
- دەسەڵاتی یاسا
- دەسەڵاتی پشتبەستوو بە دەستوور
- سێ دەسەڵاتی بنچینەیی حکومەت
- راگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ
- حیزبە سیاسییەکان، رێکخراوە ناحکومی و گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان
- پێوەندییە سەربازی و ناسەربازییەکان
- کلتووری خەڵک سەروەری



## پێشەکی: دێموکڕاسی چیە؟

لەوانەیە دێموکڕاسی (خەڵک سەروەری) دەستەواژەیەکی ئاشنا بۆ هەموو لایەک بێ، بەڵام ئەو کاتەی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان، دەسەڵاتە تەک حیزبییەکان و ڕێبەرانی کودیتا سەربازییەکانیش بە دەبەرکردنی باڵاپۆشی دێموکراسی و لە ژێر دەمامکی خەڵک سەروەریدا لافی ڕەوایی دەسەڵات و پشتگیریی خەڵک لە خۆیان لێ دەدەن، دەبینین کە هێشتا مانای ئەو دەستەواژەیە وەک خۆی جێ نەکەوتوە و تێگەیشتنەکان لە چەمکی دێموکراسی یان سەقەتە، یان هێندێک کەس و لایەن لە پشت ئەو چەمکانەوە دەسەڵاتی دژە گەلییان دەشارنەوە. لە هەر حاڵدا بیرکردنەوە و تێفکرین لە دەسەڵاتی گەلی و خەڵک سەروەری بە درێژایی مێژووی کۆن و پڕ هەوراز و نشێوی دەسەڵات و خەڵک لە گۆڕێدا بووە و دامەزراندن و بنیاتنانی دەسەڵاتی گەلی سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و کۆسپەکانی سەر ڕێی، ئێستاش لە هەموو گۆشە و کەنارەکانی دنیادا هەوڵی بۆ دەدرێ.

دێموکراسی یان خەڵک سەروەری کە لە وشەی « دێموس» ی یۆنانی بە مانای «خەڵک» وەرگیراوە، لە جێدا بۆ پێناسەی ئەو دەسەڵات و حکوومەتانە بە کار دەبرێ و کە خەڵک تێیدا زۆرترین دەسەڵات و جێگە و پێگەیان هەیە. خەڵک سەروەری لە هێندێک جۆری خۆیدا دەتوانێ بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بەبەشداریی خەڵک خۆیان بەدی بێ؛ وەک چۆن لە کۆمەڵگا گەورەکاندا خەڵک سەروەری ڕاستەوخۆ و بە هۆی خەڵک و لە ڕێگای نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەوانەوە بەدی دێ. یان چۆن لە ڕستە بەناوبانگەکەی «ئێبراهام لینکۆڵن»، سەرۆک کۆماری ئەمریکا دا دەردەکەوێ کە دێموکراسی و خەڵک سەروەری، «دەسەڵاتی خەڵکی و لە ڕێگەی خەڵکی و بۆ خەڵکە.»

زۆر جار دەستەواژەکانی ئازادی و دێموکراسی بە یەک مانا و بۆ یەک مەبەست بە کار دەبرێن، بەڵام ئەو دوو دەستەواژەیە لە رووی واتاییەوە هاومانا نین. دێموکراسی لە ڕاستیدا و لەجێدا کۆمەڵە بۆچوون و بنەمایەک لەبارەی ئازادین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە ڕێوشوێن و خوو و خدەش لە خۆ دەگرێ کە بە درێژایی مێژووی پڕ لە گەو و هەوراز و نشێوی مرۆڤایەتی بیچمیان گرتوە. دەکرێ بڵێین کە دێموکراسی خۆی بێچمگرتن و سەقامگیریی ئازادییە.

لە کۆتاییدا هەموو خەڵکەی لە کۆمەڵگایەکی دێموکڕات و خەڵک سەروەردا دەژین، دەبێ وەک دوا بەرگریکار داکۆکی و بەرگری لە ئازادیی خۆیان بکەن و ڕێی خۆیان بەرەو ئەو ئارمانج و مەبەستانە بەرنە پێش کە لەپێشەکیی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوە:

"ناسینی پێگەی زاتی و مافی وەک یەک و یەکسان و حاشا لێنەکراوی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بناغەی ئازادی،

دادپەروەری و ئاشتی لە جیهان دایە".

## تایبەتمەندییەکانی خەڵک سەروەری

خەڵک سەروەری شتێک زیاتر لە کۆمەڵەیەک لە بنیات و ناوەند و دامەزراوەی حکوومییەو؛ خەڵک سەروەری پشت ئەستوور بە زنجیرە و کۆمەڵە بایەخ و شێواز و کلتوور و هەڵسوکەوتێکە کە بە باشی سەرەندەریان لێ کراوە. هەموو ئەو هۆکارانەش لەوانەیە ببنە هۆی ئەوەی کە دێموکراسی لەنێو خەڵکان و کولتوری جیاواز و گۆشە و کەنارەکانی جیاوازی جیهاندا جۆر و شێوازی جۆراوجۆری هەبێ. گرینگ ئەوەیە کە دەسەڵاتە گەلی و خەڵک سەروەرەکان پتر لەوەی چاو لە شکڵ و شیوازی وەک یەک بکەن، پشت بە بنەما بنەڕەتییەکان دەبەستن و خۆیانی پێ پێناسە دەکەن.

## بنەما بنەڕەتییەکانی خەڵک سەروەری:

خەڵک سەروەری بریتییە لەو جۆرە حکوومەتەی کە تێیدا دەسەڵات و ئەرک و بەرپرسایەتییە مەدەنییەکان بەشێوەی راستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە یان لە ناراستەوخۆ لە ڕێگەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەوانەوە دەستنیشان دەکرێن.

خەڵک سەروەری لە سەر بنەمای دەسەڵات و حکوومەتی زۆرینە و پاراستنی مافی تاکەکان پێناسە دەکرێ. حکوومەتە دێموکڕاتیک و خەڵک سەروەرەکان ڕێ لە کۆبوونەوەی هێز و دەسەڵات لە ناوەند دەگرن و بە تێگەیشتن لەوەی کە خەڵک بۆیان هەیە لە هەموو ئاستەکاندا دەستیان بە حکوومەت رابگا و حکوومەت دەبێ وەڵامدەری خەڵکی بێ، هەوڵی دابەشکردنی دەسەڵات بە سەر ناوچەکان و ڕێگەگرتن لە کۆبوونەوەی هێز لە ناوەند دەدەن.

- حکومەتە دێموکراتیک و خەڵک سەروەرەکان بەو خاڵە بنەڕەتییە دەزانن کە داکۆکی لە بنەڕەتیترین مافی مرۆڤ بۆ نموونە ئازادیی رادەربڕین، ئازادیی ئایین، ئازادیی مافی پشتگیریی یەکسان لە سێبەری یاسا و مافی خۆدیتنەوە لە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی و بەشداریی تەواو لە کاروباری سیاسی، ئابووری و کلتووری یەکێک لە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی ئەوانە.

حکوومەتەکانی لایەنگری خەڵک سەروەری ڕێ بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانەی بەردەوام خۆش دەکەن کە تێیدا هەموو ئەو کەسانە بەشدار بن کە لە ڕووی تەمەنەوە مافی دەنگدانیان هەیە.

- لە حکوومەتێکی لایەنگری خەڵک سەروەریدا تاکەکان و هاووڵاتییان نەک هەر ئەوەی هەموو مافەکانیان بۆ دابین دەکرێ، بگرە ئەو

ئەرکەشیان لەسەر شان دەبێ تا بەشداری لەو سیستمە سیاسییەی وڵاتدا بکەن کە داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانیان دەکا.

کۆمەڵگاکانی لایەنگری حکوومەتی خەڵک سەروەری و دەسەڵاتی دێموکراتیک پێبەندی بایەخەکانی وەک لەسەرەخۆیی و پشوودرێژی، هاوکاری و رووحی سازان و وێکهەڵکردنن.

مێهاتما گاندی دەڵێ؛ "بێ سەبر و حەوسەلەیی و کەم جیکەڵدانی لە جێدا جۆرێک لە توند و تیژی و کۆسپی سەر رێی هەڵدان و گەشەی خەڵک سەروەرییەکی راستەقینەیە".

## دوو جۆری خەڵک سەروەری

دەسەڵاتە دێموکڕاتیکەکان بە سەر دوو جۆری سەرەکیدا دابەش دەبن، یان راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵ دەبژێردرێن، یان هەڵبژاردنەکە لە رێگەی نوێنەرانی خەڵکەوەیە. لەحکوومەتێکی لایەنگری دێموکڕاسیی راستەوخۆدا هاووڵاتیان بۆیان هەیە بەبێ بوونی کاربەدەستە پێوەندەرەکانیش چ بەشێوەی هەڵبژاردن یان خۆ دیاریکردن شوێنکاریان لە سەر بڕیارە گشتییەکان هەبێ. دیارە وەها سیستمێکی بەڕێوەبەری تەنیا لەو هەلومەرجەدا جێبەجێ دەکرێ کە کۆمەڵە کەسێکی کەم و سنووردار بە دەوری یەکەوە بن، بۆ نموونە لە رێکخراوێکی ناوچەیی، یان ئەنجوومەنێکی عەشیرەت، یان یەکەیەکی ناوچەیی وەک یەکیەتییەکی کرێکاری بەو مانایەی لەو شوێنانەی کە هەموو ئەندامەکانی بتوانن لە ژوورێکدا لە دەوری یەک کۆببنەوە و باس لە سەر بابەتە پێوەندیدارەکانیان بکەن و لە رێگەی گەیشتن بە کۆدەنگییەوە بڕیاریان لە سەر بدەن.

جگە لەوەش لە هیندێک لە ویلایەتەکانی ئەمریکا بەمەبەستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی پێویست لە یاسا، یان لە کاتی بانگ کردن و لێپرسینەوە لە کاربەدەستانی هەڵبژێردراودا دێن و هیندێک لە «پێشنیار» یان «راپرسی»یەکان لە بەرگەکانی دەنگداندا دەگونجێنن. ئەو خاڵانەی باس کران چەند نموونەیەک لە خەڵک سەروەریی راستەوخۆ دەستنیشان و تەعبیر لە ئیرادەی خەڵکێکی زۆرینە دەکەن. زۆرێک لەو شێوازانە لەوانەیە بنچینەکانی خەڵک سەروەریی راستەوخۆ بگرنە خۆ.

لە وڵاتی سویسرا زۆر لە بڕیارە سیاسییەکان لە بوارەکانی وەک تەندروستیی گشتی، وزە و وەبەرکارنان دەبێ دەنگی خەڵکی لە پشت بێ. لەوانەیە زۆر کەس وای بۆ بچن کە رایەڵە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتێرنێت جۆرێک دێموکراسیی راستەوخۆیان پێکهێناوە، لەبەر ئەوەی کە ئینتێرنێت ئەو دەرفەتە بە گرووپە سیاسییەکان دەدا تا بۆ مەبەستەکانی خۆیان و لە رێگەی داوای راستەوخۆ لەو خەڵکەی وەک یەک بیر دەکەنەوە، یارمەتیی ماڵی کۆ بکەنەوە.

لەهەرحاڵدا و لە ئێستاشدا و هەر وەک رابردوو باوترین جۆری دیموکراسی، چ لە شارێک بە حەشیمەتی ٥٠٠٠٠٠ کەسی یا وڵاتێکی ٥٠ میلیۆن کەسی لە جۆری دیموکراسیی ناڕاستەوخۆی نوێنەراتییە کە تێیدا هاووڵاتیان بۆ وەرگرتنی بڕیاری سیاسی، دارشتنی یاسا و جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی خۆشبژێویی خەڵک دێن و لێپرسراویان بۆ هەڵ دەبژێرن.

## یاسای زۆرایەتی و مافی زۆرایەتی

هەموو حکوومەتەکانی لایەنگری دیموکراسی و خەڵک سەروەری ئەو سیستمە سیاسییانەن کە هاووڵاتیان تێیدا ئازاد و لە ڕێگەی دەسەڵاتی زۆرینەوە بڕیار لە سەر پرسە سیاسییەکانیان دەدەن. وەک چۆن پی. بی. وایت، ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی دەڵێ:

"دیموکراسی دووپاتبوونەوەی ئەو گومانەیە کە پتر لە نیوەی خەڵک لە زیاتر لە نیوەی کاتەکاندا راست دەکەن."

بەڵام دەسەڵاتی زۆرینە لە جێدا و خۆی لە خۆیدا بە مانای خەڵک سەروەری نیە، بۆ نموونە کەس ناتوانێ سیستمێک بە دادپەروەر بزانێ کە تێیدا سەدا ٥١ی خەڵک ئەو مافە بە خۆیان بدەن تا لەژێر ناوی دەسەڵاتی زۆرینەدا سەدا ٤٩ی خەڵک سەرکوت بکەن. دەسەڵاتی زۆرینە لە سیستمێکی دیموکراٹ و خەڵک سەروەردا دەبێ گەرەنتیی پاراستنی مافی تاک دابین بکا کە خۆی لە خۆیدا گەرەنتیی پاراستنی داکۆکی لە مافی جیابیران، کەمایەتییە ئایینی، نەتەوەیی یان بەکورتی ئەو کەسانەیە کە دۆڕاوی گەمە سیاسییەکانن. مافی کەمایەتییەکان هیچ پێوەندییەکی بە نیازپاکیی زۆرینە نیە و ناکرێ بە دەنگی زۆرینەش پێشێل بکرێ و بە هێند وەرنەگیرێ. مافی کەمایەتییەکان مافێکی پارێزراوە لە بەر ئەوەی کە یاسا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی داکۆکی لە مافی هەموو هاووڵاتیان دەکەن.

کەمایەتییەکان دەبێ متمانەیان بە دەوڵەت بۆ داکۆکی لە ئاسایش و مافەکانیان بێ و هەر لەو کاتەوە کە ئەو متمانەیە دروست ببێ، ئەو گرووپە ئێتنیکی و ئایینی و کەمایەتییانە دەتوانن خۆیان لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا ببیننەوە و هاوکارییان لەگەڵدا بکەن.

**بنچینەکانی دەسەڵاتی زۆرینە و مافەکانی کەمینە، بێ ئەوەی هیچ کام لە جیاوازی و ناکۆکییەکانی مێژوویی، کلتووری و ئابووری و حەشیمەتیی ئەوان زەق کاتەوە، یەکێک لە خەسڵەتەکانی هەموو حکوومەتەکانی لایەنگری خەڵک سەروەریی نوی و مۆدێڕنە.**

## زۆرینەخوازی و کۆمەڵگای لایەنگری خەڵک سەروەری

لە حکوومەتێکی لایەنگری خەڵک سەروەریدا دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیی وڵات تەنیا بەشێ لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لە

عەلی بداغی

دامەزراوەجۆربەجۆرە حکوومی و ناحکوومییەکان، تریبوونە حقوقی و ئەنجوومەن و حیزبە سیاسییەکان پێک هاتوە. زۆرینەخوازی بریتییە لەو جۆراوجۆرییە کە لە کۆمەڵگایەکی لایەنگری خەڵک سەوەریدا زۆرێک لە گرووپ و رێکخراو و دامەزراوەکان بۆ مانەوە و بەردەوامی و یان وەرگرتنی رەواییان چ پێویستییەکیان بە حکوومەت نیە و پشتی پێ نابەستن.

لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکانی لایەنگری دێموکڕاسیدا بە هەزاران رێکخراوی ناحکوومی و کەرتی تایبەت هەن کە بەشێکیان لە ئاستی ناوچەیی و زۆریشیان لە ئاستی نیشتمانیدا چالاکن و بەشی هەرە زۆری ئەو رێکخراو و ناوەندانە رۆڵی پێوەندیی نێوان خەڵک و بنیات و دامەدەزگا حکوومەییەکان دەگێڕن. ئەو رێکخراوانە ئەو کۆمەڵە ئەرکە رادەپەڕێنن کە نەخراونەتە ئەستۆی حکوومەت و ئەو دەرفەتانە بۆ هاووڵاتیان پێک دێنن کە بێ ئەوەی بەشێک لە حکوومەت بن، خۆیان لە پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەدا ببیننەوە.

لە کۆمەڵگای پاوانخوازدا هەموو ئەو رێکخراو و بنیات و دامەزراوانە یان لە ژێر رکێڤی حکوومەت دان و یان لە لایەن حکومەتەوە بە توندی چاوەدێرییان دەخرێتە سەر دەبێ وەڵامدەری ویستی دەسەڵات بن، بەڵام لە حکوومەتێکی خەڵک سەروەر و دێموکڕاتدا هەموو دەسەڵاتەکانی حکوومەت بە یاسا دیار و بە وردی دەستنیشان و بە تەواوی سنووردار دەکرێ. هەر بۆیەش رێکخراوەکان و کۆمەڵەکان کەرتی تایبەت پاوانی حکوومەت نین و سەربەستیی هەڵسووڕانیان هەیە. هاووڵاتیان لە کۆمەڵگایەکی خەڵک سەروەر و لە پانتایی و هەرێمێکی تایبەتی و ئاوا چالاکدا دەتوانن بەدوور لە هێز و ئۆتۆریتەی دەسەڵات یان خۆ ئەو چاوەڕوانییەی کە دەبێ پێمل و گوێرایەڵی دەسەڵاتی یان بڕیاری زۆرینە بن، پێوشوێنی دیتنەوەی دەرفەتەکان بۆ دەرکەوتنی مەدەنییانە و وەرگرتنی ئەرک و بەرپرسیارەتی لە کۆمەڵگای خۆیان بن.

## ئەرک و بەرپرسیارەتییەکان

حکوومەتە خەڵک سەروەرەکان پشتیان بەو بنەمایە بەستوە کە دەوڵەت و دەسەڵاتەکان بۆیە پێک هاتوون تا خزمەتی خەڵکی بکەن. بە واتایەکی دی خەڵک، هاووڵاتیی حکوومەتێکی دێموکڕات و خەڵک سەروەرن، نەک گوێڕایەڵ و ملکەچی ئەو حکوومەتە. بەپێی ئەوەی کە حکوومەت لایەنگری مافەکانی هاووڵاتیانی خۆیەتی، خەڵکەکەش لە بەرامبەر ئەوەدا ئەمەگناسیی خۆیان بۆ حکوومەتەکەیان دەردەبڕن، بەڵام لە سیستمێکی پاوانخواز دا حکوومەت چاوەڕوانیی ئەوەی لە خەڵکی هەیە کە ئەمەگناس بن و خزمەتی دەسەڵات بکەن، بێ ئەوەی دەسەڵات خۆی هیچ دەروەستی ئەوە بووبێ کە لە بەرامبەر کردەوەکانیدا رەزامەندیی خەڵکەکەی دەستەبەر کردبێ.

## مافە بنەڕەتییەکان

پێوەندیی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتی لە پێویستییەکانی حکوومەتێکی دێموکرات و خەڵک سەرەوەرە. بەپێی جاڕنامەی

سەربەخۆیی ئەمریکا کە ساڵی ١٧٧٦ و لە لایەن توماس جێفرسۆنەوە نووسرا، هاتوە:

((ئێمە ئەو راستییانە بە سەرەتاییترین بابەت وەردەگرین کە هەموو مرۆڤەکان ئازاد و یەکسان لە دایک بوون و لەلایەن خۆڵقێنەریانەوە کۆمەڵە مافێکی حاشاهەڵنەگریان پێ دراوە کە ژین، ئازادی و پێوشوێن کەوتنی بەختەوەرییان بەشێک لەو مافانەن. هەر بۆیە و بە مەبەستی پاراستنی ئەو مافانەیە کە حکوومەتەکان لە نێو خەڵکدا دروست دەبن و دەسەڵاتە یاساییەکانی خۆیان لەو خەڵکە وەردەگرن کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا دەژین)).

ئەو مافە بنەڕەتییانە لە حکوومەتە خەڵک سەروەرەکاندا بە واتایەکی وردتر بریتین لە ئازادیی رادەربڕین، ئازادیی ئایین و ویژدان، ئازادیی کۆڕ و کۆبوونەوە، پێکهێنان و مافی داکۆکیی یەکسان لە بەرامبەر یاسادا. ئەوانەی باس کران هیچ بە مانای پانتایی بەرفراوانی ئەو مافانە نییە کە هاووڵاتیان لە حکوومەتێکی خەڵک سەروەردا ئەشێ هەیان بێ، بەڵام ئەو بەشە لە مافە بنەڕەتی و نەگۆڕانەی لە خۆ گرتوە کە هەر دەسەڵاتێکی گەلی و دێموکراتیک کە شایانی ئەوەیە بەو ناوە بناسرێ، دەبێ لەبەرچاویان بگرێ.

**جێفرسۆن لەو بارەوە دەڵێ؛ بەهۆی ئەوەی ئەو مافانە سەربەخۆ لە پێکهاتەی دەسەڵات و حکوومەتن، کەواتە بە دانانی یاسا یان بە مەیلی زۆرینەی دەنگدەران ناکرێ ئاڵوگۆڕیان بە سەردابێ یان هەوڵی سڕینەوەیان بدرێ.**

## ئازادیی رادەربڕین، کۆبوونەوە پێکهێنان و ناڕەزایەتی دەربڕین

ئازادیی قسەکردن و رادەربڕین بە تایبەت لە سەر بابەت و پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هۆی مانەوە و بەردەوامیی هەر حکوومەتێکی دێموکرات و خەڵک سەروەرە. دەسەڵاتە گەلییەکان نایەن دەقی نووسراوە و ئاخێوەکان بپشکنن و، هەر بەو هۆیەوە زۆربەی جار لە حکوومەتە خەڵک سەروەرەکاندا ئەو فرەدەنگییە دەبیندرێ کە تێیدا بۆچوون و روانگە جیاواز و تەنانەت دژ بە یەکەکانیش دێنە گۆڕێ و هەر لایەنە و بانگەشە بۆ بۆچوونی خۆی دەکا. حکوومەتە گەلییەکان ئینتیمایان بۆ لای فرەدەنگی و جۆراوجۆریی بۆچوونەکانە.

حکوومەتی لایەنگری خەڵک سەروەری پشت بە هاووڵاتی ژیر و تێگەیشتووی خۆی دەبەستێ کە دەسڕاگەیشتن بە زانیاریی ئازاد ئەو توانایەی پێ دەدا ئەوەندەی بۆی بکرێ لە ژیانی گشتیی کۆمەڵگاکەیدا بەشداریی تەواوی هەبێ و سیاسەتی چەوت و سەرکوتکەرانەی حکوومەت و کاربەدەستانی بداتە بەر رەخنە. هاووڵاتیان و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەوان لە سەر ئەوە سوورن کە دێموکراسیی کۆمەڵگەکەیان پێوەندیی راستەوخۆی بە دەرەتانی دەستڕاگەیشتنی هەرچی سەربەستانەتر بە زانیاری، بۆچوون و روانگە

سانسۆرنەکراوەکان هەیە. بۆ ئەوەی خەڵکانێکی ئازاد بتوانن بۆ خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، دەبێ دەرەتانی ئەوەیان ببێ کە بە ئاشکرا بۆچوون و روانگەکانی خۆیان بە بەردەوامی بێننە بەر باس و چ بە شێوەی زارەکی یان نووسراو بڕەویان پێ بدەن و بڵاویان بکەنەوە. داکۆکی لە ئازادیی رادەربڕین وەک بڵێی «مافی نگەتیف»ە کە بە ئاسانی حکوومەت ناچار بە خۆبواردن لە سنووردارکردنی رادەربڕین دەکا. لە دەسەڵاتێکی گەلیدا کاربەدستان خۆیان لە قەرەی کۆنووس و دارشتنی نێوەرۆکی دەربڕینە زارەکی و نووسراوەکان نادەن.

نارەزایەتی دەربڕین لە مەحەک دانی جۆری حکوومەتە دێموکرات و خەڵک سەرەوەرەکانە. هەر بەپێی ئەوە مافی وەرێخستنی کۆبوونەوەی مەدەنییانە و ناتوندوتیژ لایەنی سەرەکیی دەرخستنی مافی ئازادیی رادەربڕینە. لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا ئەو کەسانەی لە سەر بابەتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە را و بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بۆیان هەیە لەو سەر ئەو بابەتانە کۆڕ و کۆبوونەوەی گەرموگوڕ پێک بێنن. ئێستا لە ئەمریکا تەنانەت زۆر باسی بنەڕەتیی وەک ئەمنیەتی نیشتمانی، شەڕ و ئاشتی بێ هیچ گرێ و گۆڵ و بەربەستێک لە لاپەڕەی رۆژنامە و لە شاشەی تیڤییەکاندا دەخرێنە بەر باسی گشتی و ئەوانەی دژی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتن، بە ئاسانی رەخنە لە سیاسەتەکانی دەسەڵات دەگرن و بۆچوونی خۆیان دێننە بەرباس. ئازادیی رادەربڕین مافێکی بنەڕەتی و بێ ئەملاو ئەولای تاکەکانە، بەڵام رەها و بێ شەرت و مەرج نییە و ناکرێ بۆ خستنەوەی بشێوی و توندو تیژی دەکار کرێ. ئەگەر ئەوە بسەلمێ کە ناوزڕاندن، سووکایەتی و بوختان هەڵبەستن بۆ کەس یان کەسان و لایەنێک لە ئارادا بووە، ئەوا لەلایەن دادگا و بەپێی یاسا بەدواداچوونی بۆ دەکرێ.

دەسەڵاتە گەلییەکان بۆ بەرگرتن لە وتاردان و ئەو کۆر و کۆبوونەوانەی کە لەوانەیە توندوتیژیان لێ بکەوێتەوە و تێیاندا کەسایەتی یان مافی کەسێک بخرێتە ژێر پێ و یان ئەوەی رووخان و هەرەسهێنانی دەوڵەتی یاسایان بە دوادابێ، دەبێ زۆر هەڕەشە و مەترسییان لە سەر خۆیان تێپەڕاندبێ. زۆر لە دەسەڵاتە گەلی و دێموکڕاتەکان رێ بە گرتنی ئەو جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوانە نادەن کە پەرە بە ناکۆکیی قەومی و رەگەزی دەدەن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا راگرتنی باڵانس سەرەکیترین کێشەی بەردەم دەسەڵاتە گەلییەکانە، بۆ وێنە راگرتنی باڵانس لە نێوان بەرگری و داکۆکی لە مافی ئازادیی رادەربڕین و کۆر و کۆبوونەوە پێکهێنان و رێگەگرتن لە وتاردان و خوتبەگەلێک کە لەو سۆنگەیەوە توند و تیژی، تۆقاندن یان رووخاندنی رێکخراوەکانی لایەنگری خەڵک سەروەری لێ بکەوێتەوە.

**هەر کەسێک بۆی هەیە بە ئاشکرا و بە توندترین ئاخێو رەخنە لە کاربەدەستێکی حکوومەت بگرێ، بەڵام هاندان بۆ کوشتنی ئەو کاربەدەستە بە جینایەت دادەنرێ.**



سەرچاوە
Serchawe

## ئازادیی ئایین

سەربەستیی مرۆڤەکان بۆ کاروباری ئایینی و پیڕەوی کردن لە ویژدانیان مافی سروشتیی ئەوانە و دەبێ لەو بارەوە ئازاد بن. ئازادیی ئایینی بریتییە لە مافی بەجێ گەیاندنی تاعەت و عیبادەت چ بە شێوەی تاک یان بە گرووپ، بەبەرچاوی خەڵک یان خۆ بە تەنیا و لە خەڵوەتدا و، یان هەر لە جێدا مافی ئەوەی باوەڕت بە هیچ چەشنە پەرستنێک نەبێ و هەروەها مافی بەشداری لە ریوڕەسمە ئایینییەکان، بۆنە و کۆبوونەوە پەروەردەییە ئایینییەکان بێ ئەوەی هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەکت لە لایەن حکوومەت یان گرووپەکانی دیکەی کۆمەڵگە لە سەر بێ. ئەوە مافی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەیە کە عیبادەت و پەرەستنی خۆیان هەبێ و بۆیان هەبێ کۆڕ و کۆبوونەوەی ئایینیی خۆیان هەبێ و شوێنی تایبەت بۆ ئەو مەبەستانەش پێک بێنن.

ئازادیی ئایین هەر وەک مافە بنەڕەتییەکانی دیکەی هەر مرۆڤێک کە لەلایەن دەوڵەتەوە پێیان دراوە و نە ڕەواییەکەشی لە حکوومەت وەردەگرێ، بەڵکوو ئەوە حکوومەتە خەڵک سەروەرەکانن کە لە سەریانە داکۆکی لەو مافانە بکەن. دیارە ئەگەرچی لەوانەیە زۆرێک لە حکوومەتە خەڵک سەروەرەکان دان بە جیایی دین لە دەوڵەت دابنێن، بەو حاڵەش هەموو ئەو شتانەی لە روانگەی حکوومەت و ئایینەوە وەک بەها و بایەخەکان چاویان لێ دەکرێ، زۆر جار دژ و ناتەبا لەگەڵ یەکتری نین. ئەو حکوومەتانەی داکۆکی لە ئازادیی ئایین بۆ هەموو خەڵکی دەکەن، بێ و نەبێ داکۆکی لە ئازادیی رادەربڕین و کۆڕ و کۆبوونەوە پێکهێنان و هەموو ئەو ئازادییانە دەکەن کە ئازادیی ئایینییان تێدا دەستەبەر دەبێ. کۆچبەرانی دانیشتووی ئەمریکا بە تایبەت ئەو ویلایەتانەی لە سەدەکانی ١٧ و ١٨ دا و لە ژێر رکێفی دەسەڵاتی ئایینیی کلیسا دابوون، هاوکات کۆمەڵە بیرۆکەیەکیان لەبارەی پێویستیی خەڵک سەروەریی نائایینی و لەسەرخۆیی ئایینی هێنایە بەر باس؛ بەڵام هێندێ لە حکوومەتە پاوانخوازەکانی سەدەی بیستەم بە پێچەوانەی ئەو کات چونکی ئاینییان وەک وتاری سیاسی بە جۆرێ لە دەربڕینی ویژدانی تاکەکان دادەنا، کەوتنە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ئایین لە ژیانی خەڵکی. باوەڕی حکوومەتە خەڵک سەروەرەکان لەو بارەوە ئەوەیە کە دەبێ رێز لە هەموو جۆراوجۆری و ناکۆکیی ئایینی کۆمەڵگە بگیردرێ و پێیان وایە لەو نێوەدا ئەرکی سەرەکیی حکوومەت داکۆکی لە خەڵک بۆ هەڵبژاردنی ئایینە، تەنانەت ئەو کاتانەش کە حکوومەت بایکۆتی باوەڕێکی ئایینیی تایبەتی کردبێ. دیارە ئەوە ناکرێ بەو مانایە بێ کە ئایین خۆی لە خۆیدا دەتوانێ بیانوویەک بۆ نواندنی توند و تیژی لە دژی ئایینەکانی دیکە یان خەڵکی کۆمەڵگە بێ.

**ئایین لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی لایەنگری دیموکراسی و خەڵک سەروەریدا دەتوانێ رۆڵی خۆی هەبێ، بەڵام ناتوانێ ئەو کۆمەڵگایە بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.**

## ئەرک و بەرپرسیارەتیی هاووڵاتی

لە حکوومەتێکی خەڵک سەروەردا هاووڵاتیبوون پێویستیی بە بەشداری لە پرسە گشتییەکان، رێزگرتن و لە سەرەخۆبوونە هەم لە وەرگرتنی مافەکان و هەم لە راپەڕاندنی ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانە. هەر بەو جۆرەی کە بنیامین باربێر، زانای زانستە سیاسییەکان دەڵێ: «حکوومەت و دەسەڵاتی گەلی زۆر جار وەک دەسەڵاتی زۆرینە دەناسرێ و تێیدا مافە تاکەکەسییەکان وەک دارایی و سامانی کەسەکان چاویان لێ دەکرێ... بەڵام ئەوە تێگەیشتنێکی هەڵە هەم لە ماف و هەم لە دیموکڕاسی و دەسەڵاتی خەڵک سەروەرییە.»

**سەرکەوتن و گەشەی حکوومەتێکی خەڵک سەروەر بەوە بەسراوەتەوە کە هاووڵاتیان چالاک بن و لە پاسیڤبوون خۆ بە دوور بگرن، چونکی دەزانن کە سەرکەوتن یان کەوتن و هەرەسهێنانی حکوومەت تەنیا و تەنیا لە ئەستۆی خۆیانە.**

ئەوە تەواو راستە کە تاکەکەکان خاوەنی هەموو مافە بنەڕەتییەکانیان وەک مافی ئازادیی رادەربڕین، ئازادیی ئایین و پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوەن، بەڵام بە بارێکی دیکەشدا مافەکانیش وەک تاکەکان بە تەنێ ناتوانن کاریگەر بن و ماف لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا دەچەسپێ و جێگیر دەبێ؛ هەر بۆیە ماف و بەرپرسیارەتیی پێوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ یەکتر هەیە.

دەسەڵاتێکی گەلی و دێموکراتیک کە لەلایەن هاووڵاتییانەوە هەڵبژێردرابێ، لە بەرامبەر ئەوانیشدا وەڵامدەرە و داکۆکی لە لە مافی تاکەکان دەکا بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن لە حکوومەتێکی خەڵک سەروەردا دەروەستبوون و بەرپرسیارەتییەکانیان بەجێ بگەیەنن و لەو رێگەیەوە کۆمەڵگەکەیان کۆک و یەکدەست و تەبا بێ. لانیکەمی ئەو بابەتە ئەوەیە کە هاووڵاتیان بۆ ئەوەی بە سەربەستی و بە وشیارییەوە دەنگ بدەن، دەبێ خۆیان لە بەرامبەر پرسە هەستیارەکانی کۆمەڵگەدا پەروەردە بکەن. لەوانەیە راپەڕاندن یان وەخۆگریی هیندێک ئەرکی وەک خزمەت کردن لە لێژنەکانی دەزگای داد و تاوان، یان لە سوپادا بەپێی قانوون زۆرەملی بێ، بەڵام لە زۆر حاڵەتیشدا بە دڵخواز وخۆبەخشانەیە.

نێوەڕۆکی سەرەکی و بنەڕەتیی هەوڵە دێموکڕاتیکەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و وڵاتدا بەشداریی ئاشتیخوازانە، چالاک و سەربەستانەی هەڵبژێردراو لەلایەن خەڵکەوەیە. «دایان راویچ»، یەکێک لە توێژەرە زانستییەکانی ئەو بوارە دەڵێ کە «دێموکراسی پرۆسەیەکە کە جۆرێک لە ژیان و پێکەوە کارکردن دەگرێتەوە. ئەو پرۆسەیە وەستانی نیە و بەردەوام رێ بۆ کامڵبوونی دەپێوێ. ئەو پرۆسەیە دەبێ لە لایەن هەموو خەڵک و هاووڵاتیانەوە پێش بخرێ و پێویستی بە هاوکاری و وێکهەڵکردن و سەبر و لە سەرەخۆیی هاووڵاتیان لەگەڵ یەکترە. وەدیهێنان و بە جێخستنی ئەو پرۆسەیە نەک سانا نیە، بگرە دژواریشە. ئازادی نەک بە مانای خۆدزینەوە لە ئەرک و بەرپرسیارەتی، بەڵکوو راست بە مانای ئەرک وەخۆگرییە.» ئەو ئەرک وەخۆگرییە دەکرێ بەشداریی چالاکانەی

ڕێکخراوەکان یان پێوشوێن کەوتنی ئامانجە روونەکانی کۆمەڵگەی بەدوادابێ. گرینگتر لە هەموو ئەوانەش بەدیهێنانی دێموکراسی پێویست بە جۆرە رەفتار و مامەڵەیەکی تایبەت و ئینتیما بۆ وەرگرتنی ئەو باوەڕەیە کە هەموو ئەو خەڵکەش کە لە چاو ئێوە جیاوازن، مافی یەکسان و وەک ئێوەیان هەیە.

## هەڵبژاردنە گەلییەکان

لە حکوومەتە خەڵک سەروەرەکاندا و بۆ دەسخستنی رەزامەندیی ئەو خەڵکەی لە بازنەی بەڕێوەبەریی ئەو دەسەڵاتەدا دەژین و بە بنەما و بناخەی سیاسەتەکانی حکومەتێکی دیموکرات و خەڵک سەروەر دادەنرێن، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد پێویستە. هەڵبژاردن رێکاڕی سەرەکی بۆ دەسخستنی ئەو رەزامەندییە و کردنی بە دەسەڵاتەکانی حکوومەتە.

## توخمەکانی هەڵبژاردنێکی گەلی

"جین کرێک پاتریک"، توێژەری کۆچکردوو و نوێنەری پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەو جۆرە پێناسەی هەڵبژاردن دەکا: «هەڵبژاردنە گەلییەکان تەنیا بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی هێمایی و سەمبولیک نین، ئەو هەڵبژاردنانە کە بە بوونی هێز و لایەنە رکەبەرەکان لەگەڵ یەکتری بەڕێوە دەچن، گشتگیر و هەر چەند ساڵ جارێکە و دەگەڕێ و یەکلایی کەرەوەیە و ئەوە خەڵکن کە لەو رێگەیەوە بڕیاربەدەستە سەرەکییەکانی حکوومەت هەڵدەبژێرن، هەر ئەو خەڵکەی کە سەربەستیی تەواویان بۆ رەخنەگرتن لە حکوومەت و بڵاوکردنەوەی رەخنە و بۆچوونەکانی خۆیان و خستنەبەر باسی پێشنیارە بەدیل و جێگرەوەکانیان هەیە.»

هەڵبژاردنە گەلییەکان رکەبەرین. حیزب و پاڵێوراوە دژبەرەکان دەبێ هەموو ئازادی و سەربەستییەکیان بۆ پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و وتاردان و گەیاندنی رەخنەکانیان لە دەوڵەت هەبێ و بۆیان هەبێ کە سیاسەتی نوێ و پاڵێوراوی دیکە بۆ جێگرەوەیی کاربەدەستان دبێننە بەر باس و بە خەڵکیان بناسێنن. تەنیا رێگەپێدان بە بەشداریی نەیاران لە هەڵبژاردنەکان و دەنگدانیان ناتوانێ بۆ ئەو مەبەستە تەواو بێ. لەوانەیە ئەو گرووپ و لایەنەی دەسەڵاتی بەدەستە خاوەنی زۆر ئیمتیاز و سەرەتی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بێ و بۆ دەنگهێنانەوەی خۆی زۆر شت دەکار بکا، بەڵام یاسا و رێساکان و رێوشوێنەکانی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان دەبێ دادپەروەرانە بن. دەبێ ئەوەش بزانین کە رێگەدان بە پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و رادەربڕینی ئازاد بۆ حیزبە نەیار و دژبەرەکان بۆ توند و تیژی و بەمانای زاڵبوونی کەشی زۆرەملی نییە، بەڵکوو مەبەست وتوویژ و لێکحاڵیبوونە.

هەڵبژاردنە گەلییەکان گەڕیان و دەورەیین. لە حکوومەتە خەڵک سەروەر و دێموکراتەکاندا دیکتاتۆڕ و سەرۆکە هەمیشەییەکان

هەڵنابژێردرێن. ئەوانەی وەک سەرۆک کۆمار و کاربەدەست هەڵ دەبژێردرێن، لە بەرامبەر خەڵکدا وەڵامدەرن و دەبێ بەردەوام و ماوە ماوە و بە مەبەستی ئەو دەسەڵاتەی لە لایەن خەڵکەوە پێیان دراوە، بۆ دەنگی خەڵکی و بۆ لای خەڵکی بگەڕێنەوە، ئەگەر ئەوان بێتوو دوای هەڵبژێرانیان لا لە خەڵکی نەکەنەوە، ئەوا لە بەرپرسایەتییەکان دوور دەخرێنەوە.

هەڵبژاردنە گەلییەکان گشتگیرن. ئەو پێناسەیەی لە تاکی هاووڵاتی و کەسی دەنگدەر دەکرێ دەبێ ئەوندە بەربڵاو بێ کە هەموو خەڵکی پێگەیشتووی کۆمەڵگە بگرێتەوە. ئەو دەوڵەت و حکوومەتانە گەلی و خەڵکی نین کە لەلایەن کۆمەڵ و گرووپێکی بەرتەسکەوە هەڵبژێردرابن و ئەوەش گرینگییەکی ئەوتۆی نییە کە ئەو دەوڵەتەی بەو جۆرە هەڵبژێردرابێ چەندەی کار و پرۆژەی وای بووبێ کە گەلی دێنە بەر چاو. یەکێک لە تایبەتمەندی و ورووژان و کوڵوکۆی دەسەڵاتە خەڵک سەروەرەکان بە درێژایی مێژوو هەوڵ و تێکۆشانی گرووپە پەراوێزخراوەکان جا چ ئایینی یان ئیتنیکی و تەنانەت ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافی تەواوی هاووڵاتیبوون و مافی گرتنەدەستی بەڕێوەبەریی دەوڵەت و کۆمەڵگە و بەشدارییان لە ژیانی کۆمەڵایەتی دایە.

هەڵبژاردنە گەلییەکان مسۆگەر و یەکلایی کەرەوەن. رێبەری و بەڕێوەبەریی وڵات و حکوومەت لەو هەڵبژاردنانەدا بۆ ماوە زەمەنییەکی تایبەت دەستنیشان دەکرێن. ئەو نوێنەرانەی لە رێگەی هەڵبژاردنی گەلییەوە دێنە سەرکار، بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات دەگرنە دەست و ئەوان بە هیچ کلوجێک سەرۆک یان رێبەرانی سەمبولیک نین.

دەسەڵاتە دێموکرات و خەڵک سەروەرەکان تەنیا لە ژێر تیشکی راستگۆیی و دەروەستبوونیان بە خەڵکە کە رمێنیان هەیە، تەنیا لە خاڵێکی دەگمەنی گرینگدا نەبێ و ئەویش چۆنیەتیی دەنگدانە. لە دەسەڵاتێکی گەلیدا و بە مەبەستی بە لانیکەم گەیاندنی هەڕەشە و تۆقاندن و ترس وەبەرنانەکان دەبێ دەنگدەران ئەو ئیزنەیان هەبێ کە دەنگەکانی خۆیان بەنهێنی بخەنە سندووقەکانی دەنگدانەوە.

هەروەها تا ئەو جێیەی کە دەکرێ پاراستنی سندووقەکانی دەنگدان و بژاردنی دەنگەکان دەبێ بەبەرچاوی خەڵک و بەئاشکرا بێ، بۆ ئەوەی خەڵک لە راستیی ئاکامەکانی هەڵبژاردن دڵنیا بن و ئارخەیان بن لەوەی کە دەوڵەت رازی بە رەزای ئەوانە و پشتی بە ئیرادە و ویستی ئەوان بەستوە.

## کەمایەتیی بەئەمەگ و چاکەلەچاو

"کەمایەتیی بەئەمەگ و چاکەلەچاو" یەکێک لەو چەمکانەیە کە سەلماندنەکەی و قبووڵکردنەکەی لەو وڵاتانە سەخت و ئەستەمە کە تێیاندا گواستنەوەی دەسەڵات بە زەبری زۆر و بە هێزی چەک دەکرێ. بەڵام لە هەر حاڵدا ئەوە خاڵێکی بنەڕەتی و گرینگە و لە راستیدا هەڵگری ئەو مانا و پێناسەیەیە کە هەموو گرووپ و لایەنەکان لە حکوومەتێکی گەلی و دێموکراتدا دەبێ لەهەمبەر بەها و

بایەخ و پرەنسیپەکانی وڵاتدا هاوبەش بن. رکەبەرە سیاسییەکان پێویست ناکا هۆگرییان بە یەکتر بێ، بەڵام دەبێ لە بەرامبەر یەکدی دا لەسەرەخۆ و پشوودرێژ بن و ئەوە بسەلمێنن کە هەر کامیان خاوەنی رۆڵ و پێگەی قانوونیی خۆیانن و ئەرک و بەرپرسیارەتیی گرینگیان لە سەر شانە. جیا لەوەش قانوونەکانی وڵاتیش دەبێ لایەنەکان بۆ پاراستنی ئەدەب لە باسە گشتییەکان و رەچاوکردنی رووحی لێبوردەیی و دان بە خۆداگرتن هان بدەن. ئەو کاتەی هەڵبژاردنەکان تەواو دەبن، لایەنی دۆڕاو رێز لە ئیرادەی خەڵک و بەشدارانی هەڵبژاردنەکە دەگرێ و ئاکامەکە دەسەلمێنێ. ئەگەر لایەنی دۆڕاو لە هەڵبژاردن ئەو حیزبە بێ کە دەسەڵاتی وڵاتی لە دەستە، ئاوا بە هێمنی کار بۆ دەستاودەست کردنی دەسەڵات دەکا و بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کێ دۆڕاو و کامە لایەن براوەی هەڵبژاردنەکانن، دوو لایەن لە سەر ئەوە رێک دەکەون کە هاوکاریی و یارمەتیی یەکتر بۆ چارەسەریی پرسە هاوبەشەکانی کۆمەڵگە بدەن.

لە دەسەڵاتی گەلیدا، چ براوەکان و چ دۆڕاوەکانی ململانێ لەگەڵ لایەنی کەمایەتی بەلەبەرچاوگرتنی رۆڵی ئەوان لە هەر چەشنە دەسەڵات و حکوومەتێکی گەلیدا رێ بۆ بەردەوامیی هاوبەشیی ژیانی و سیاسی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوان و خۆیان خۆش دەکەن. ئەو کەمایەتییە نەک بە سیاسەتە روون و دیارەکانی دەوڵەت، بەڵکوو وەفادار بە رەوتی خەڵک سەروەری و رەوایی بنەرەتیی دەسەڵاتە کە لە سەر بنەمای دەنگی خەڵک بیچمی گرتوە.

**لە هەرحاڵدا هەڵبژاردنە گەلییەکان شەڕ بۆ مانەوەی ژیان و بەردەوامیی هێز نیە، بەڵکوو هەڤرکێیەک بۆ خزمەتکردن بە خەڵکە.**

## کارگێڕی و بەڕێوەبەریی هەڵبژاردنەکان

ئەو شێوازەی کە کاربەدەستان لە حکوومەتێکی گەلیدا بۆ گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات و بەرێوەبەریی وڵات هەڵ دەبژێردرێن جیاواز و فرە چەشنە. بۆ نموونە لە ئاستی گشتیی وڵاتدا لەوانەیەئەندامانی پارلمان و یاسادانەران بەشێوەی ناوچەیی و هەرێمی و هەر نوێنەرێک بۆ ناوچەیەک هەڵ بژێردرێن. ئەو هەڵبژاردنە بەو شێوازە پێناسە دەکرێ کە تێیدا «براوە هەموو شتێک دەباتەوە. لە شێوازێکی دیکەدا کە تێدا ژمارەی نوێنەران بەپێی حەشیمەتی هەر کام لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتە، هەر کام لە حیزبەکان بەپێی ئەو رێژە دەنگەی کە لە هەموو وڵاتدا هێناویانەتەوە نوێنەریان لە پارلماندا دەبێ. هەڵبژاردنەکانی ناوچە و پارێزگاکان دەتوانێ نوێنگەی چەشنی هەڵبژاردنە نیشتمانییەکان بێ.

**پرۆسەی هەڵبژاردنەکان سەرەڕای جیاوازیی شێواز و جۆری هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی ئەنجامی قانوونییان لێ بکەوێتەوە، دەبێ بەئاشکرا و دادپەروەرانە بەرێوە بچن. کاربەدەستانی حکوومەت دەبێ بە تەواوی ئازادی و سەربەستیی دەنگدەران و پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکان دەستەبەر بکەن؛ شێوازی بێ لایەنانە بۆ گرەنتیی بە نهێنی دەنگدان و بە ئاشکرا بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان بگرنە**

بەر و رێ بە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا نەدەن و لە کاتی پێویستدا شێوازگەلێکی تایبەت بۆ بژاردنەوەی دەنگەکان و چارەسەریی ناکۆکییەکانی پەراوێزی هەڵبژاردنەکان دەکار بکەن.

## حکومەتی قانوون

بە درێژایی مێژووی مرۆڤ و لە زۆربەی جارەکاندا قانوون و دەسەڵاتی قانوون رەنگدانەوەی ویستی دەسەڵاتداران بووە. بەڵام لە حکومەتە خەڵک سەروەر و دیموکراتەکاندا بناخەی حکومەتی قانوون بە یەکسان بۆ خەڵک و هاووڵاتیان و دەسەڵاتداران چێ کراوە.

## ملدانی وەک یەک یەکسان بۆ قانوون

دەسەڵاتی قانوون بەرگری لە مافە بنەڕەتییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا دەکا و پارێزەری هاووڵاتیان لەبەرامبەر هەڕەشەکانی زوڵم و سەرپێچییەکان لە قانوونە. حکومەتی قانوون بەو مانایەیە کە هیچ کەسێک سەرووتر لە قانوون نیە چ سەرکۆماری وڵات بێ یان هاووڵاتییەکی ئاسایی. دەسەڵاتە گەلییەکان لە رێگەی قانوونەوە هێز و دەسەڵاتە رێگەپێدراوەکانی خۆیان بەکار دێنن و بۆ خۆشیان پێملی چوارچێوە قانوونییەکانن.

ئەو هاووڵاتیانەی لە نێو وڵاتانی خاوەن دەسەڵاتی گەلی و دیموکراتیکدا دەژین وەک خۆیان رێز لە یاساکانی وڵات دەگرن و لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا رەچاوی دەکەن، چونکی لە بنەڕەتدا ئەوان پێڕەوی لەو رێوشوێن و قانوونانە دەکەن کە بۆ خۆیان دایان ناوە.

**دادپەروەری و یەکسانی ئەو کاتە بەباشی دێتە دی کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، چ فەقیر چ دەوڵەمەند، چ زۆرایەتیی نەتەوەیی یان کەمایەتیی ئایینی، پێملی ئەو قانوون و رێوشوێنانە بن کە لەلایەن خۆیانەوە دارێژراون.**

## هەموو لایەک دەبێ ملکەجی قانوون بن

هاووڵاتییان لە دەسەڵاتێکی گەلی و دیموکراتیکدا رەچاوی یاسا و رێساکانی کۆمەڵ دەکەن، چونکی دەزانن لەو رێگەیەوە لە راستیدا پێڕەوەییان لە خۆیان وەک دانەرانی ناراستەوخۆی قانوونەکان کردوە. ئەو کاتانەی کە قانوونەکان لەلایەن ئەو خەڵکەی بۆ خۆیان پێڕەوی لێ دەکەن دابندرێن، دەکرێ بڵێین کە هەم قانوون و هەم خەڵک سەروەری وەدی هاتووە.

## ڕەچاوكردن و لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنەكان

بە درێژایی مێژووی هەر كۆمەڵگایەک ئەوانەی لە قوچەكی دەسەڵات و دەزگای داد بوون، بە گەندەڵی و كەلكی خراپ وەرگرتن لەو دەسەڵاتە هێزیان نواندوە و خەڵكیان چەوساندۆتەوە. خەڵک بە بڕیاری دەوڵەت و بێ هیچ پاساوێكی قانوونی و تەنانەت بێ ئەوەی تاوانێكیان لە سەر بێ، گیراون و خراونەتە بەندیخانەوە و ماڵ و سامانیشیان دەستی بە سەردا گیراوە؛ ئەشكەنجە كراون، دور خراونەتەوە و لە دار دراون و لە نێو براون.

هیچ كۆمەڵگایەكی خەڵک سەروەر و دێموكڕات توانای دیتن و چاونوقاندن لە بەرامبەر ئەو جۆرە كەلكی خراپ وەرگرتن لە دەسەڵاتی نیە. حكومەت دەبێ توانا و هێزی دابینكردنی نەزم و سزادانی جینایەتكارانی هەبێ، بەڵام دەبێ ئەو ڕێوشوێن و قانوونانە دیار و ئاشكرا بن كە حكومەت بۆ جێگیر كردنی نەزم و قانوون بەكاریان دێنێ و نابێ ئەو ڕێوشوێنانە لێڵ و نائاشكرا یان بۆ مەبەستە سیاسییەكان بەكار ببرێ و دەبێ بۆ هەموو كەس یەكسان و وەک یەک بێ. ئەوە هەر ئەو شتەیە كە ڕەچاوكردن و لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنەكانی پێ دەگوترێ.

**بۆ جێخستن و جێگیر كردنی بە كردەوەی ڕەچاوكردن و لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنەكان لە هەرێمی ئەو دەسەڵاتە گەلی و دێموكراتیكانەی كە لە سەر بنەمای دەستوور و قانوونی بنەڕەتیی وڵات هاتوونەتە سەر كار، ئەو كۆمەڵە پرەنسیپانە وەک بنەڕەت لەبەر چاو دەگیرێن:**

**– پۆلیس بەبێ ئیزنی دادگا كە دەری دەخا هۆكار و بیانووی پێویستی بۆ پشكنین هەیە بۆی نیە هەڵ كوتێتە سەر هیچ ماڵێک. هەڵكوتانە سەر ماڵی خەڵک بە هۆی پولیسە جل مەدنییەكان لە نیوەشەودا لە قامووسی دەسەڵاتە گەلی و دێموكڕاتیكەكاندا نیە.**

نابێ بێ ئەوەی تۆمەتی ئاشكرا و سەلمێندراوی لەسەر بێ، بەند بكرێ. دوای ئەوەش بەپێی ڕەواڵی باوی ئامادە بوونی كەسی گیراو لە دادگا، هەر كەسێكی بەندكراو ئەو مافەی هەیە كە بۆ لێپێچینەوە بانگ بكرێتە دادگا و ئەگەر لە دادگا زانرا كە بێ تاوان گیراوە، دەبێ ئازاد بكرێ.

ئەوانەی بە هۆی دەست تێداهەبوون لە تاوانێک دەسبەسەر دەكرێن، بەر لە دادگایی كردنیان نابێ بۆ ماوەیەكی زۆر بخرێنە بەندیخانەوە. ئەوان دەبێ ئەو دەرەتانەیان پێ بدرێ كە لە زووترین كاتدا بدرێنە دادگایەكی ئاشكرا و ڕاستەوخۆ بەرەوڕووی ئەو كەس لایەیانە ببنەوە كە داوایان لە سەر تۆمار كردوون و بۆشیان هەبێ كە بەرگری لە خۆیان بكەن و پرسیاریان لێ بكەن.

– ئەگەر کەسی تۆمەتبار بە تاوانێکی سووک گیراوە و مەترسیی راکردن یان ئەنجامدانی تاوانی دیکەی لە سەر نیە، ئەو چاوەروانییە لە بەرپرسانی دەزگای داد دەکرێ کە رێگە بدەن ئەو کەسە مەرجدار، بە شێوەی کاتی و بە دانانی بارمتە تا کاتی دادگایی کردنی ئازاد بکرێ.

– نابێ کەس ناچار بەوە بکرێ کە شایەدی لە دژی خۆی بدا. ئەو رێگرییە لە ناچار کردنی شایەدی دانی تۆمەتباران لە دژی خۆیان دەبێ بە تەواوی و بێ ئەملاو و ئەولا جێبەجێ بکرێ. لە ئەنجامی ئەو رێگرییەدا ئیدی پۆلیس ناتوانێ لە هیچ بارودۆخێکدا تۆمەتباران ئەشکەنجەی جەستەیی یان دەروونی بدا و هێز لە دژیان بە کار بێنێ.

– کەسەکان نابێ بەرەوڕووی مەترسیی دووفاقە بنەوە؛ بەو مانایە ئەگەر کەسێک جارێک لە دادگایەکی حقووقیدا بەری لە هەر چەشنە تۆمەت و تاوانێک کرا کە دراوەتە پاڵی، ئیدی نابێ جارێکی دیکە هەمان تۆمەتی لێ بدرێتەوە.

بەهۆی ئەگەری خراپ بەکارهێنانی قانوونی «گەڕانەوە بۆ پێشینە« لە لایەن کاربەدەستانەوە، گەڕانەوە بۆ ئەو قانوونانە قەدەغەیە. ئەو قانوونانە دوای ئەنجامدانی تاوان داندراون بۆ ئەوەی بکرێ کەسێک تاوانبار بە ئەنجامدانی تاوانێک بکەی کە کردارەکە لە کاتی ئەنجامدانیدا بە تاوان دانەندراوە.

– سەپاندنی ئەو جۆرە سزایانە قەدەغەیە کە نائاسایی یان بێبەزەییانە دێنە بەر چاو.

دیارە هیچ کام لەو سنووردار کردن و خاڵانەی سەرەوە بەو مانایە نیە کە دەسەڵات و حکومەت دەسەڵاتی پێویستی بۆ جێبەجێ کردنی قانوون و سزادانی تاونباران نیە، بگرە پێچەوانە لە کۆمەڵگایەکی لایەنگری دێموکڕاسی و خەڵک سەرەوەریدا نیزامی دادئەستێن بەو رادەیە گرینگی و کاریگەریی خۆی هەیە کە کابینە و بازنەی دەسەڵاتدارانی ئەو کۆمەڵگایە لەلایەن خەڵکەوە وەک حکومەتێکی دادپەروەر و لایەنگری پاراستنی ئاسایش و ئەمنیەتی تاکەکان و خزمەتکاری بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان دەناسرێ.

## دەسەڵاتی پشت ئەستوور بە قانوونی بنەڕەتیی وڵات

دەستوور و قانوونی بنەڕەتیی کە بنچینەیترین ئەرکەکانی حکومەت و چوارچێوەکانی دەسەڵات دەستینیشان دەکا، گرینگترین و ژیانەکیترین شت لە دەسەڵاتێکی گەلی و دێموکڕاتیک دایە.

### قانوونی بنەڕەتی، ئەو قانوونەی لە سەرووی هەمووانە

قانوونی بنەڕەتیی هەر وڵاتێک باس لە هەموو ئەو ئامانج و مەبەستە بنەڕەتیانەی کۆمەڵگا دەکا کە بۆ دەستەبەر کردنی ئاسوودەیی و خۆشبژیویی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە لەبەرچاو گیراون. هەموو هاووڵاتییەکی کۆمەڵگا بە ڕێبەرانی وڵاتیشەوە پێملی قانوونی بنەرەتیی وڵاتن کە بە بەرزترین کۆمەڵە قانوونی ئەو وڵاتە دادەنرێ.

لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا کە وەک بەڵگەیەکی بەنووسراوە دادەڕێژرێ، دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی نیشتمانی و گەرەنتیی پێویست بۆ دەستەبەر کردنی مافی مرۆڤ و جۆری کارکردی دەوڵەت بە روونی دەستنیشان کراوە و ئەوە لانیکەمی چاوەڕوانییەکە کە دەکرێ لە قانوونی بنەڕەتیی هەر وڵاتێکت هەبێ. قانوونی بنەرەتیی هەر وڵاتێک پشت ئەستوور بە کۆمەڵێک بنەما و ڕێچکەی نەنووسراوی پێشوو بەڵام بە تەواوی جێی پەسند و جێکەتوو دەبەستێ. بۆ نموونە قانوونی بنەڕەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەر بنەمای ئەو تێفکرین و بۆچوونانە داڕێژراوە کە لە مافە باو و نەریتییەکانی بریتانیا و هەوڵی فیلسووفەکانی سەدەی هەژدەهەم لە پێناو پێناسە و دەستنیشانەکانی مافی مرۆڤ وەرگیراون.

دەسەڵاتی پشتبەستوو بە قانوونی بنەڕەتیی وڵات ئەو بنەمایە بە رەسمی دەزانێ کە دەوڵەتێکی وەڵامدەر و گەلی دەبێ خۆی لەگەڵ ئەو چوارچێوەیە بگونجێنێ کە بۆ سنووردار کردن و دەستنیشان کردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت داندراون. هەر بۆیەش هەموو قانوونەکانی دیکەی وڵات دەبێ بە بەراورد و هاوڕێک لەگەڵ قانوونی بنەڕەتیی وڵات دابڕێژرێن. لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی گەلی و دێموکڕاتیکدا کە تێیدا دەزگای داد لە ڕووی سیاسییەوە سەربەخۆیە، ئەو ئیزنە بە هاووڵاتیان دەدرێ کە رەخنە لە هەر قانوونێک بگرن و داوای هەموار کردنەوەی بکەن کە پێیان وابێ دژایەتی لەگەڵ قانوونی بنەڕەتیی وڵات هەیە و دوای چارەسەریی ئەو ناتەباییانە بکەن کە لە لایەن ناوەندە قانوونی و ڕێگەپێدراوەکانەوە بۆ چاکسازی و پێداچوونەوە بە کارکردە ناقانوونییەکانی حکومەت یان کاربەدەستانی حکومی راسپێردراون.

**قانوونی بنەڕەتیی وڵات سەرەڕای پاراستنی تایبەتمەندییە بەرز و لەسەرترەکانی بۆ ئەوەی وەک کۆڵکە و چەقبەستووی پیرۆز چاوی لێ نەکرێ، دەبێ دەبێ خۆی لە خۆیدا زەرفییەتی گۆڕان و ئاڵوگۆڕ پێکهێنانی تێدا بێ.**

قانوونی بنەڕەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆنترین قانوونی بنەڕەتیی نووسراوی دنیایە کە ٧ ماددەی کورت و ٢٧ خاڵی هەموار کراوی لە خۆی گرتوە و ١٠ خاڵی هەموارکراوی ئەو قانوونە بنەڕەتییە بە لایحەی ماف بەناوبانگە. بەو حاڵەش ئەو قانوونە بەنووسراوەیە بنچینەی یەکێک لە پێکهاتە بەربڵاو و فرەرەهەندەکانی «حقووقی» پێک دێنێ کە لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی رابردوودا هەوێن

و بنەمای حوکمە فەزایییەکان، قانوونە پەسندکراوەکانی پارلمان، کارکردی دەزگای سەرۆک کۆماری و نەریتەکانی کۆمەڵگای ئەمریکا بووە و ئەوانی بەرهەست و زیندوو راگرتوە.

لەبارەی گۆڕین یان ریفۆرم لە قانوونی بنەڕەتیی هەر وڵاتێک بە گشتی دوو جۆرە تێفکرین و بۆچوون هەیە. بۆچوونێک پێی وایە باشترین چارەسەر گرتنەبەری پرۆسەیەکە کە پێویستیی بە هەڵێنانەوەی زۆر هەنگاوی قورس و قایم بە پشتبەستن بە وەدەستهێنانی زۆرایەتییە گەورەکانە. لە روانگەی خاوەنانی ئەو بۆچوونە لەو پرۆسەیەدا قانوونی بنەڕەتیی وڵات بە دەگمەن گۆڕانی بەسەر دادێ و تەنیا ئەو کاتە باس لە پێویستیی گۆڕانی دێتە ئاراوە کە پشتگیری گشتگیری هەمووانی لە پشت بێ. مۆدێلی قانوونی بنەڕەتیی ئەمریکایی پشتبەستوو بەو بنەمایەیە.

شێوازێکی ئاسانتر بۆ پێکهینانی گۆڕان لە قانوونی بنەڕەتی کە زۆربەی وڵاتانیش بەکاری دێنن ئەوەیە کە لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا بنوسرێ کە هەرچەشنە چاکسازی و گۆڕانێک لەو قانوونەدا دەبێ بە بڕیار و بە دەنگی پارلمان و دەزگا یاسادانەری وڵات بێ و پاشان ئەو ئاڵوگۆڕ و چاکسازیانە لەلایەن دەنگدەرانی هەڵبژاردنەکانی داهاتووشەوە پەسند بکرێتەوە و رەزامەندیی زۆرایەتیی دەنگدەرانی لەگەڵ بێ. ئەو قانوونە بنەڕەتییانەش تەمەنیان زۆرترە، کە بەو جۆرە پێداچوونەوە و چاکسازییان تێدا دەکرێ.

## بنچینەکانی حکومەتی فیدڕاڵ: دابەشکردنی دەسەڵات

کاتێ کۆمەڵە خەڵکێکی ئازاد و سەربەست بۆ پێکەوە ژیان لە چوارچێوەی قانوونی بنەڕەتییدا لە گەڵ یەکتر رێک دەکەون، ئەو جۆرە لە هەڵبژاردنە لەوانەیە بە شێوازی جۆراوجۆر بخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. پێکهاتەی سیاسیی هیندێک لە حکومەتە دێموکرات و خەڵک سەروەرەکان تۆکمە و ناوەندگەرا و یەکپارچەیە. جێگیر کردنی نیزامی فیدڕاڵی چارەسەرێکی دیکەی دەسەڵات لە حکومەتە دێموکڕاتەکانە کە تێیدا دەسەڵات بە سەر ناوەند، هەرێم و ناوچەکانی وڵاتدا دابەش دەبێ.

بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتێکی کۆماریی فیدڕاڵە و لەوێ هەموو ویلایەتەکان سەربەخۆ لە دەوڵەتی فیدڕاڵ بەڕێوە دەبرێن و پێگە و دەسەڵاتی قانوونیی خۆیان هەیە. پێچەوانەی ئەو دابەشینە بچووکترە سیاسییانەی لە وڵاتانێکی وەک بریتانیا و فەرانسە هەیە، دەوڵەتی فیدڕاڵ ناتوانێ ئەسڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بگۆڕێ یان بیەوێ بیسڕێتەوە. دیارە ئەگەرچی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەسەڵات لە ئاستی نیشتمانیدا بەشێوەی بەرچاو زۆر و بەهێز و چڕ بۆتەوە، بەڵام بەو حاڵە ئێستاش ویلایەتەکان بۆ خۆیان بەرپرسایەتیی گرینگیان لە بوارەکانی پەروەردە، گواستنەوە و جێبەجێ کردنی قانوونەکان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر کام لە ویلایەتەکان بە پێدانی زۆرێک لە دەسەڵاتەکان و ئەرکەکانی وەک چالاکیی پۆلیس و خوێندن لە قوتابخانەکان



سەرچاوە
Serchawe

بە هەرێمە ناوچەییەکان پێڕەوەییان لە ئولگووی فیدراڵ کردوە.

دیارە لە نیزامێکی فیدراڵدا دابەشینی ئەرک و دەسەڵاتەکان قەت تەواو رێکوپێک و بە تەواوی روون نیە و دامودەزگا و دامەزراوەکانی فیدراڵ، ویلایەتەکان و ناوچەییەکان هەر کام لەبەر خۆیانەوە دەتوانن پرسەکانی پێوەندیدار بە خوێندن و پەروەردە و جێبەجێ کردنی دادپەروەری و سزادانی تاوانباراب بخەنە رۆژەڤی خۆیانەوە، بە جۆرێ کە رەنگبێ رێوشوێنەکان تێک بگیرێن و تەنانەت دژ و لێک جیاوازیش بن؛ بەڵام حکومەتی فیدراڵ دەتوانێ پەرە بە کرانەوە و هەموو ئەو دەرفەتانە بدا کە بۆ بەشداریی هاووڵاتیان و چالاکتر و کارا کردنیان لە کۆمەڵگایەکی لایەنگری دیموکراسی و خەڵک سەروەریدا یەکجار پێویست و ژیانەکین.

**خەڵکی ئەمریکا لە سەر ئەو باوەڕەن کە پێکهاتەی سیستمی فیدراڵی داکۆکی لە سەربەخۆیی و سەربەستیی هاووڵاتیان و تاکەکانی ئەو وڵاتە دەکا و پشتیوانیەتی.**

## سێ کۆڵەکەی بنەڕەتیی حکومەت

هەر ئەو جۆرەی لە باسەکانی پێشوودا تیشکیان خرایە سەر لە حکومەتێکی گەلی و خەڵک سەروەردا خەڵک لە رێگەی هەڵبژاردنێکی ئازاد دا ئەو دەسەڵاتەی کە لە قانوونەکانی وڵاتدا دیاری کراوە، دەیدەنە رێبەرانی خۆیان. لە حکەمەتێکی گەلیدا کە لە سەر بنەمای قانوونی بنەڕەتیی وڵات هاتۆتە سەر کار، دەسەڵاتەکانی حکومەت بە سەر سێ دەزگادا دابەش دەبن: پارلمان و دەزگای قانووندانان کە یاساکانی بەڕێوەبەریی وڵاتی تێدا پەسند دەبن، دەزگا بەرێوەبەری یان کابینەی وەزیران کە ئەرکیان بەڕێوەبردنی قانوونەکان و کاروباری وڵاتە و، دەزگا قەزایی و داد کە بەشێوەی نیمچە سەربەخۆ ئەرکە قەزایی و دادئەستێنییەکانی خۆیان بەرێوە دەبەن. لە هیندێک حاڵدا ئەو دابەشکردنەی دەسەڵات بە "جیاکردنەوەی دەسەڵات"ەکان لە یەکتریش دادەنرێ، بەڵام بەو حاڵەو بە کردەوەش ئەو جیا کردنەوەی دەسەڵاتە بە روونی روون و ئاشکرایە و لە زۆربەی حکومەتە گەلی و دێموکڕاتیکەکانی سەردەمی ئێستادا ئەو سێ دەزگایە دەستێوەردان لە کاروباری یەکتردا ناکەن و هەر بەو رادەیەی لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، بەو ئەندازەیەش لەگەڵ یەکتر هاوبەشییان هەیە. جاری واش هەیە کە لەوانەیە قانووندانەرانیش لەرێگەی هیندێ رێوشوێنی دیارەوە بیانەوێ بەڕێوەبەریی پلان و پرۆژەکان بکەن، یان ئەوەی کە بەڕێوەبەرانی دەوڵەت و ئەندامانی کابینەش لە کاری دارشتنی وەردەکاریی قانوونەکان وەربدرێن و هەم قانووندانەران و هەم کابینە و دەزگای بەڕێوەبەریی حکومەت بە شێوەی دەزگای قەزایی بیانەوێ لە سەر کۆمەڵە بابەتێکی بەربڵاو لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بکەن.

## دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری

دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی وڵات لەو دیموکراسییانەی لە سەر بنەمای قانوونی بنەڕەتیی وڵات چێ کراون، زۆرتر لە سێ ڕێگەوە سنووردار دەکرێ. لەڕێگەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە نێوان سێ دەزگای سەرەکیی حکومەتی نیشتمانی کە بریتییە لە دەوڵەت، پاڕلمان و دەزگای داد بە جۆرێک کە پاڕلمان و دەزگای قەزایی بتوانن لە ڕێگەی ئەو گەرەنتییانەی لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا لەبارەی مافە بنەڕەتییەکان هاتوە و هەروەها لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەردەوامەکانەوە پێش بە رەها بوونی هێز و دەسەڵاتی دەوڵەت بگرن. خراپ تێگەیشتنێکی باو لە نێو رەخنەگران و تەواوەتیخوازەکان ئەوەیە کە پێیان وایە دەسەڵاتە دیموکرات و خەڵک سەروەرەکان بەر بەو ئەندازەیەی کە توانای سەرکوتکردنی خەڵکیان نیە، بەو رادەیەش دەسەڵاتی تەواویان بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری وڵات نیە؛ بەڵام ئەو بۆچوونە تەوا هەڵەیە. حکومەتە گەلییەکان دەیانەوێ دەوڵەتەکانیان بەهێز بن، بەڵام تا ئەو جێیەی بکرێ دەسەڵاتیان سنووردار بێ و لە چوارچێوەی دیاریکراوی خۆی لانەدا.

**دەسەڵاتی بەرێوەبەریی وڵات لە حکومەتە گەلییەکانی سەردەمی ئێستادا زۆرتر لە سەر دوو شێوازی نیزامی پاڕلمانی یان نیزامی کۆماری دادەرێژرێن.**

لە نیزامێکی پاڕلمانیدا ئەو حیزبەی زۆرینەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی هێناوەتەوە یان هاوپێوەندی و ئیئتلافێک لەو حیزبانەی پێیان باشە پێکەوە کار بکەن، جڵەوی دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی وڵات بە سەرۆکایەتیی سەرۆک وەزیرێک دەگرنە دەست. پاڕلمان و دەوڵەت لە نیزامی پاڕلمانیدا بە تەواو لێک جیاواز نین، چونکی سەرۆک وەزیران و ئەندامانی کابینەی دەوڵەت لە نێو نوێنەران و ئەندمانی پاڕلمان هەڵ دەبژێردرێن؛ جیا لەوەش سەرۆک وەزیر رێبەری نیشتمانیی وڵاتە.

بەڵام لە نیزامی کۆماریدا سەرۆک کۆمار پێچەوانەی نیزامی پاڕلمانی لە دەرەوەی ئەندامانی پاڕلمان و دەزگای قانوون دانەران هەڵ دەبژێردرێ. لە نیزامی کۆماریدا هەم سەرۆک کۆماری و هەم پاڕلمان خاوەنی زۆر پێگەی هێز و دەسەڵات لە حەوزە جۆراوجۆرە سیاسییەکانی تایبەت بە خۆیانن کە هەر کامیان کار لە سەر پاراستنی باڵانسی هێز و کۆنترۆڵکردنی یەکتر دەکەن. هەر کام لە نیزامی پاڕلمانی و کۆماریش خاوەنی خاڵی بەهێز و لاوازی تایبەت بە خۆیانن.

لە ئێستادا کە نیزامە پاڕلمانییەکان زۆربەی حکومەتە گەلی و خەڵک سەروەرەکان پێک دێنن، بانگەشەی نەرمی نواندن و ئەرک وەخۆگریی زیاتر دەکەن. حکومەتە پاڕلمانییەکان بە تایبەت ئەوانەی لە ڕێگەی "نوێنەرایەتیی رێژەیی" یەوە هەڵ بژێردراین، زۆرتر بەلای سیستمە فرەحیزبییەکاندا دەشکێنەوە، هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو جۆرە سیستمانەدا تەنانەت لایەنە

سیاسییە بچووکەکانیش نوێنەریان لە پارلمان و دەزگای قانوون دانەراندا دەبێ. کەمایەتییە جۆراوجۆرەکان لەو ڕێگەیەوە دەتوانن بەشداری و هاوبەشییان لە هەموو ڕەوت و جموجۆڵە سیاسییەکان تەنانەت لە بەرزترین ئاستی دەوڵەتیدا ببێ. لە کاتێکیشدا کە دەوڵەتی هاوپێوندی و ئیئتلافی هەرەس بێنێ یان بەهێزترین حیزبی دەسەڵاتدار دەسەڵاتەکانی خۆی لە دەست بدا، ئەوا سەرۆک وەزیران دەست لە کار دەکێشێتەوە و حکومەتی نوێ پێک دەهێندرێ یان ئەوەی هەڵبژاردنی نوێ دەکرێ و هەموو ئەو قۆناغانەش لە کاتێکی زەمەنیی کورتدا ڕوو دەدەن.

بەشی شاراوەی دابەشکردنی دەسەڵات و نەرمکێشییەکان یەکێک لەو ڕەخنە سەرەکییانەیە کە لە پارلمانەکان دەگیرێ. ئیئتلاف و هاوپێوەندیی چەند حیزب لە پارلمان لەوانەیە لەرزۆک و لاواز بێ و لەگەڵ یەکەمین نیشانەکانی قەیرانێکی سیاسی لەبەریەک هەڵوەشێ و هاتنە سەر کاری ئەو دەوڵەتانەی لێ بکەوێتەوە کە بۆ ماوەیەکی کورت و کاتی لە دەسەڵاتدا دەبن و توانای پڕژان و چارەسەریی کێشە سیاسییە سەرەکییەکانی وڵاتیان نیە.

لەلایەکی دیکەشەوە و لە نیزامە پارلمانییەکانی دیکەدا حیزبە دەسەڵاتدارە بەهێزەکان کە خاوەنی زۆرینەی دەنگەکانی هەڵبژاردنەکانن، پارلمان جێگیر و سەقامگیر دەکەن. لەبارەی نیزامەکانی کۆماریش دەبێ بگوترێ کە بانگەشە و ئیدیعای زۆرێک لەوان وەلامدەربوونیان و بەردەوامی و بەهێز مانەوەی دەسەڵاتی سیاسیی ئەوانە. ئەو سەرۆک کۆمارانەی ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە و بۆ ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێن، جیاواز لە جێگە و پێگەی سیاسیی خۆیان لە کۆنگرەدا دەتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە دەسەڵاتەکانیان ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە وەرگرتوە. نیزامی کۆماری لە ڕێگەی دروستکردنی هێزی جیا لە یەک بەڵام بە فەرزی یەکسانی حکومەت بەدوای جێگیرکردنی

-----------------

* مەبەست لەو جۆرێک میکانیزمی هەڵبژاردن بە پێی حەشیمەت و لەبەرچاوگرتنی جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگایە بۆ ئەوەی پارلمان ڕەنگدانەوەی هەموو جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و ئایینی و کلتوورییەکانی کۆمەڵگا بێ ناوەندە بەهێز و خاوەن دەسەڵاتەکانی قانووندانان و بەڕێوەبەریدا دەگەڕێ کە هەر کامیان دەتوانن ئیدیعای ئەوە بکەن کە خاوەنی دەسەڵاتێکن کە لەلایەن خەڵکەوە پێیان دراوە و توانای پاراستن و ڕاگرتنی بالانسی هێزیان لە نێوان دەزگاکانی دیکەی حکومەتدا هەیە.

ئەگەری گەیشتن بە بۆنبەستی سیاسی خاڵی لاوازی ئەو سەرۆک کۆمار و قانوون دانەرانەیە کە بە جیا هەڵدەبژێردرێن.

سەرۆک کۆمارەکان لەوانەیە بەقەدر پێویست هاوپەیمانی سیاسییان لە پارلمان و دەزگای قانووندانانەدا نەبێ تاکوو لەڕێگەی

دەنگەکانی خۆیانەوە سیاسەت و پلانەکانی جێی مەبەستی خۆیان جێبەجی بکەن، بەڵام ئەوان بە بەکارهێنانی مافی ڤیتۆی خۆیان (ئەو مافەی کە لە کات و هەلومەرجی تایبەتدا ڕێگە بە سەرکۆمار دەدا خۆ لە جێبەجێکردنی قانوونە پەسندکراوەکانی پاڕلمان ببوێرێ) دەتوانن لەو بوارەدا ڕێگە لە جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەکانی دەزگای قانووندانان بگرن. "ریچارد نیو ئیستات"، زانای کۆچکردووی زانستە سیاسییەکان بەو جۆرە پێناسەی دەسەڵاتی سەرۆک کۆماریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکا: ((دەسەڵاتێک کە بۆ هاندانە نەک بۆ ئەمر پێکردن و هێزنواندن)). مەبەستی نیو ئیستات لەو رستەیە لە راستیدا ئەوەیە سەرۆک کۆمارێک لە ئەمریکا کە دەیەوێ کۆنگرە دەنگ بە بەرنامە و قانوونە پێشنیارکراوەکانی ئەو بدا - یان هیچ نەبێ خۆ لە پەسند کردنی ئەو قانوونانە ببوێرێ کە لەلایەن دژبەرانی سیاسیی ئەوەوە بە کۆنگرە دراوە - دەبێ لە نێو خەڵکدا خۆشەویست بێ و رەوایی سیاسیی خۆی هەبێ و بتوانێ لە نێو ئەندامانی کۆنگرەش لایەنگری دەستڕۆیشتوو و خاوەن هێز بۆی خۆی پەیدا بکا.

## هەرێمی قانووندانان

چ لە نیزامێکی پاڕلمانیدا و چ لە نیزامێکی کۆماریدا نوێنەرانی پاڕلمان و ئەوانەی بۆ کاری قانووندانان هەڵ بژێردراون، تریبوونی سەرەکی بۆ وتوویژ و باس و پەسندکردنی قانوونەکان لە حکومەتێکی خەڵک سەروەری ناڕاستەوخۆ دیتە حێساب دێن. ئەو جۆرە پاڕلمانانە هەر تەنیا پاڕلمانی رواڵەتی و بووکەڵەیی نین کە کاریان تەنیا پەسند کردنی بڕیار و پەسندکراوەکانی ڕێبەرێکی دەسەڵاتخواز بێ.

پاڕلمانتاران و قانووندانەرانی هەر وڵاتێک لەوانەیە کارکردی کاربەدەستانی دەوڵەت و بڕیارەکانیان ببەنە ژێر پرسیار، بودجەی وڵات پەسند بکەن و رەزامەندیی خۆیان لە سەر دامەزراندن و دیاریکردنی کاربەدەستان بۆ دەزگاکانی بەڕێوەبەری، دادگاکان و وەزارتخانەکان دەربڕن. کومیتەکانی قانووندانان لە هیندێک لە حکومەتە خەڵک سەروەرەکاندا تریبوونگەلێک بۆ تاوتوێ و لێکدانەوەی ئاشکرای پرسە نیشتمانییەکان دەخەنە بەر دەستی نوێنەران.

**قانووندانەران لەوانەیە پشتگیری و داکۆکی لەو دەوڵەتە بکەن کە لە سەر کارە و لەوانەشە وەک ئۆپۆزیسیۆن و دژبەری سیاسی ئەو بجووڵێنەوە کە سیاسەت و پلانی جێگرەوە دەخەنە بەر باس.**

قانووندانەران لە سەریانە کە بۆچوونەکانی خۆیان ئەوەندەی دەکرێ بە جۆرێکی کاریگەر و شوێندانەر بێننە بەر باس، بەڵام ئەوانە دەبێ لە چوارچێوەی بنەماکانی ئەخلاق و رەوشتی خەڵک سەروەری، واتە لەسەرەخۆیی، رێزگرتن و سازان و حاوانەوەو، بەمەبەستی گەیشتن و دەستەبەر کردنی ئەو رێککەوتنانە بێ کە بەرژەوەندی و خۆشبژیویی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای تێدا دەستەبەر ببێ - نەک ئەوەی هەر لە بەرژەوەندیی لایەنگرانی سیاسیی خۆیان دابێ. هەر کام لە قانووندانەران دەبێ بۆ خۆیان بتوانن لەبارەی چۆنیەتیی

پێكهێنانی هاوسەنگی لە نێوان خۆشبژێوی گشتی و پێداویستییەكانی ناوچەی هەڵبژێردرواى خۆیان بڕیار بدەن.

بەڵام پێچەوانەی نیزامە كۆمارییەكان لە حكومەتە پاڕلمانییەكاندا كە جیاكردنەوەی دەسەڵات بەو شێوەیە نیە، بۆ چاوەدێری كردن و بەربەست دروست كردن لە بەر دەم دەسەڵاتی رەهای دەوڵەت و پێكهێنانی هاوسەنگی لە دەسەڵاتی دەوڵەتدا دەبێ پشت بە هێز و دینامیكە سیاسییەكانی نێو پاڕلمان ببەسترێ. ئەو كارەش زۆرتر لە چوارچێوەی دەركەوتنی حیزبێكی دژ و ئۆپۆزیسیۆنێكی تۆكمە یان لە نێوان چەند حیزبێكی نەیاری جۆراوجۆردا دەردەكەوێ كە دەوڵەتی "سێبەر" پێك دێنن.

## دەزگای قەزایی سەربەخۆ

بناغە و كۆڵەكەی دەزگایەكی قەزایی دادئەستێن، بێلایەن و دادپەروەر و پشت ئەستوور بە قانوون، دادوەرە سەربەخۆ و لێهاتووەكانن. ئەو سەربەخۆییە بەو مانایە نیە كە دادوەرەكان بە دڵی خۆیان و بەپێی بڕیارە تاكەكەسییەكانی خۆیان لە سەر بابەتێك ساغ ببنەوە، بەڵكوو بەو مانایەیە كە ئەوان دەبێ بۆ بڕیاردانی قانوونی لە سەر بابەتەكان سەربەست و ئازاد بن، تەنانەت ئەگەر ئەو بڕیارە لە دژی بەرژەوەندییەكانی دەوڵەت یان حیزبە بەهێز و دەسرۆیشتووەكان بێ.

لە حكومەتە دێموكڕات و خەڵك سەروەرەكاندا پێكهاتەی پشتیوانیی قانوونی بنەڕەتیی وڵات و شان و شەوكەتی دەزگای قەزایی لە جێدا پارێزەری سەربەخۆ مانەوەی ئەوان لە بەرامبەر پەستانە سیاسییەكانە. حوكمە قەزاییەكان بەو پێیە دەكرێ لە سەر ئەساسی راستییەكانی پەروەندەكە، بەڵگەهێنانەوە و رێوشوێن و قانوونە پێوەندیدارەكان و لە نەبوونی هەر چەشنە رێگری و خرانەژێر پاڵەپەستۆی دەوڵەت یان پاڕلمان بە بێلایەنی لە لایەن دەزگای قەزاییەوە رابگەیەندرێ. ئەو بنەما و پرەنسیپانە گەرەنیی داكۆكیی قانوونی و یەكسان بۆ هەمووانە.

هێز و دەسەڵاتی دادوەرەكان بۆ تاوتوێكردنی قانوونە گشتییەكان و رادەربڕین لە بارەی ئەوانەوە كە ئاخۆ دژایەتییان لەگەڵ قانوونی بنەڕەتیی وڵات هەیە یان نا خۆی لە خۆیدا رێكارێكی بنەڕەتی بۆ مایەپووچكردنەوەی ئەگەری هەرچەشنە كەلكی خراپ وەرگرتنی دەوڵەت لە دەسەڵاتە، تەنانەت ئەو كاتەش كە دەوڵەت بە دەنگی هەرە زۆرینەی خەڵك هاتبێتە سەر كار. لەهەر حاڵدا ئەو دەسەڵات و دەسرۆیشتوویی دادوەرەكان پێوەندی بەوەوە هەیە كە دادگاكان وەك ناوەندێكی تەواو بێلایەن و سەربەخۆ حیسابیان بۆ بكرێ تا بتوانن بڕیارەكانیان نەک لە سەر سەرنج و تێبینییە سیاسییەكان بەڵكوو لە سەر بنەمای قانوون و رێوشوێنە قەزاییەكان دەر بكەن.

دادوەرەكان چ هەڵ بژێردرابێتن یان خۆ بۆ دادگایەك دیاری كرابن، بۆ ئەوەی بەدەر لە هەر چەشنە نیگەرانییەک لە پاڵەپەستۆی كەسانی خاوەن هێز و دەسەڵات لە دەوڵەتدا بڕیاری دروستی خۆیان بدەن، دەبێ بە شێوەی قانوونی ئەمنیەتی كاری و پیشەییان

پارێزراو بێ. یەکێک لە بنەماکانی ئەخلاقی دادوەری ئەوەیە کە دادوەرەکان بە مەبەستی سەلماندنی بێلایەنی خۆیان لە بڕیاردان لە سەر ئەو پەروەندانەی بەرژەوەندیی خۆیانی تێدایە، خۆیان لە بڕیاردان لە سەر ئەو پەروەندانە بە دوور بگرن و ئەو کارە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە و بە دادوەری دیکەیان بسپێرن.

**سەرچاوەی بنەڕەتیی دەسەڵات و رەوایی دەزگای قەزایی باوەڕهەبوون بە بێلایەنیی ئەو دەزگایە و دەرکەوتنی وەک لقێکی غەیرە سیاسیی دەوڵەتە.**

لە حکومەتێکی گەلی و خەڵک سەروەردا ناکرێ دادوەرەکان لە سەر سکالای چووکە یان کاردانەوە بە رەخنە سیاسییەکان لە کارەکانیان وەلا بنرێن. بەڵام لە جێی خۆیدا دەکرێ ئەوان سەبارەت بە ئەنجامدانی تاوانی قورس یان پێشێل کردنی قانوونەکان لە رێگەی شێوازی ئاستەنگ و کاتگری وەک ئیستیزاح یان لە رێگەی دادگایی کردن یان لە بەرامبەر دەزگای قانووندانەران یان لە رێگەی دادگایەکی جیاوازەوە لێیان بکۆڵدرێتەوە و بەرپرسایەتییەکانیان لێ وەربگیرێتەوە.

## میدیا ئازاد و سەربەخۆکان

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگەی ئەورۆ لە رووی قەبارە و ئاڵۆزی، بواری پێوەندی و تێکەڵاوی و باسە گشتییەکانیش خراوەتە پاوانی میدیاگەلێکی وەک رادیۆ، تەلەڤزیۆن، رۆژنامە و گۆڤار و کتێب و راگەیەنە گشتییەکانی وەک ئینتێرنێت و کاناڵە ئاسمانییەکان. راگەیەنەکان لە نیزامێکی خەڵک سەروەدا چ لە جۆری وێبسایت و چ لە شێوەی کتێبی چاپکراو لەگەڵ ئەوەی لێک جیاوازن و نەگۆڕ دەمێننەوە، بەڵام لە کارکردی خۆیاندا دەچنە نێو یەکتر. یەکێک لەو تێکەڵاوییانە پرسی راگەیاندن و پەروەردەیە. خەڵک بۆ دانی بڕیارێکی گونجاو و دروست لە سەر بابەتێکی سیاسەتی گشتیی وڵات لە جێدا و لە کات و شوێنی خۆیدا پێویستییان بە دەسڕاگەیشتن بە زانیاریی ورد و بێلایەنە. هەر لەو پێوەندییەدا دەکرێ بڵێین کە یەکێکی دیکە ئەرک و رۆڵبینینی راگەیانە گشتییەکان پشتیوانی و داکۆکیکردن لە خەڵکە. بەردەنگی راگەیەنە گشتییەکان بۆ گەیشتن بە لایەنێکی بەربڵاوی بۆچوونەکان لەوانەیە کەڵک لە زۆر بیر و بۆچوونی جۆراوجۆر و جیاواز و تەنانەت دژ بە یەکدی وەرگرن. ئەو رۆڵبینین و جۆرە دەرکەوتنەی راگەیەنە گشتییەکان بە تایبەت لە کاتی ململانێی هەڵبژاردنەکان و ئەو کاتانە پتر دەردەکەوێ و گرینگیی تایبەت بە خۆی هەیە کە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە دەنگدەران لە نیزکەوە دەتوانن راستەوخۆ لەگەڵ پاڵێوراوەکان کۆببنەوە و تەنیا چەند کەس لەوان دەتوانن لەگەڵ ئەو نوێنەرانە قسە بکەن.

چاوەدێری کردنی کاروباری ناوەندە حکومەییەکان و ناوەندە بەهێزەکانی دیکەی کۆمەڵگە ئەرکێکی دیکە میدیا و راگەیەنە گشتییەکانە. بەڵام راگەیەنە هەواڵدەرییەکان دەتوانن بەلەبەرچاوگرتن و پاراستنی رێوشوێن و پێودانگەکانی سەربەخۆیی و واقعبینی و هەر چەندە

ناتەواویش بێ، ئەو راستییانە ئاشكرا بكەن كە لە پشتی بانگەشە و ئیدیعاكانی كاربەدەستانی دەوڵەت شاردراونەتەوە و لێپرسراوانی حكومی ناچار بە وەڵامدانەوە لە بەرامبەر كار و كردەوەكانیان بكەن.

راگەیەنە گشتییەكان هەروەها لە رێگەی بڵاوكردنەوەی راپۆرت و لێكدانەوە و سەروتارەكانیان دەتوانن رۆڵی كاراتر لە باسە گشتییەكانی كۆمەڵگەدا بگێڕن و تریبوونەكانی خۆیان لە بەردەستی ئەو كەس و لایەنانە دابنێن تا بۆچوونەكانی خۆیان لە رێگەی ناردنی نامە، بابەت و وتار بۆ ماڵپەڕ و رۆژنامەكان بە خەڵكی بگەیەنن.

شیكارانی سیاسی ئەركێكی دیكەش بۆ راگەیەنە گشتییەكان دیاری دەكەن كە یەكجار گرینگە، ئەویش «دیاری كردنی خشتەی كار»ە. لەوەی راكە هەواڵدەرییەكان ناتوانن رووماڵی هەموو رووداوێك بكەن و راپۆرتیان لە سەر ئامادە بكەن، دەبێ دەستنیشانی بكەن كە تیشك بخەنە سەر چ كامە بابەت و چ جۆرە بابەت و رووداوێك پشتگوێ بخەن. بە كورتی ئەوە ئەوانن كە دیاری دەكەن چ شتێك هەواڵە و چی هەواڵ نییە. ئەو بڕیارە لە جێدا كاریگەری راستەوخۆی لە سەر بیركردنەوە و ساغبوونەوەی بیروڕای گشتی هەیە كە كامە پرس و بابەت گرینگ و هەستیار و شیاوی سەرنجن. لە هەر حاڵدا راگەیەنە گشتییەكان لە وڵاتانی خەڵك سەروەر و دێموكراتدا پێچەوانەی ئەو وڵاتانەی كە هەواڵ و میدیاكان لە بن دەست و لە ژێر چاوەدێریی دەوڵەت دان، ناتوانن بە ئاسانی و بە ئیشتیای خۆیان رووداو و بابەتەكان بەراوەژوو پێشان بدەن یان بە خەمساردی لە تەنیشتیان تێپەڕن. چونكی لە هەر حاڵدا ركەبەرەكانیان سەربەستن و بۆیان دەلوێ كە سەرنجی خەڵكی بۆ لای بابەتە گرینگ و هەستیارەكانی كۆمەڵگە راكێشن.

لە كۆمەڵگەیەكی لایەنگری خەڵك سەروەریدا هاووڵاتیان بەو دڵنیاییەوە دەژین كە لەرێگەی گواستنەوەی ئاشكرای بیروڕای جیاوازەكان حەق بە سەر باتڵ و چاكە بە سەر خراپەدا سەر دەكەوێ، خەڵك باشتر لە گرینگی و بایەخی یەكتر دەگەن، بە روونی بەستێنەكانی حاوانەوە و پێكەوە سازان دیاری دەكرێن و رێگەی پێشوەچوون و گەشە ئاوەڵا و كراوەتر دەبێ. چەندە گۆڕینەوەی بیروڕا و بۆچوونەكان زیاتر بن، بەو رادەیەش ئاكامی دڵخوازی زیاتر لێ دەكەوێتەوە. نووسەرێك بە ناوی «ئی بی وایت» لەو بارەوە نوسیویەتی: ((لە وڵاتی ئازادی ئێمەدا راگەیەنەكان بەكەڵك و جێی متمانەن، نەك لەبەر خەسڵەتە باشەكانیان بەڵكوو لە بەر ئەوە جۆراوجۆرییە زۆرەی كە هەیانە. تا ئەو كاتەی ژمارەی ئەو رۆژنامە و بڵاڤۆكانە زۆر بن لە روانگە و گۆشەنیگای خۆیانەوە پێوشوێنی دۆزینەوەی راستییەكان كەوتوون، بۆ خەڵكی ئێمە ئەو دەرفەتە دەڕەخسێ كە خۆیان بە راستییەكان بگەن و لە رووناكاییدا بژین.... ئەمنیەت لە فرەیی و هەمەچەشنی دایە.))

## حیزبە سیاسییەكان، رێكخراوە ناحكومی و گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەكان

ئەگەرچی ناكرێ بە زۆرەملێ هیچ هاووڵاتییەك ناچار بە بەشداریی سیاسی بكرێ، بەڵام بەبێ بەشداریی خەڵك رەوتی دێموكڕاسی و

دەسەڵاتی خەلک سەروەری لاواز و بێ گیانە.

**ئەوە ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتیی حکوومەتێکی خەڵک سەروەرە کە مافی هاووڵاتیان بۆ بەشداریی دڵخواز و سەربەستانە و ڕێکخستنی کاروباری ژیانیان بەو جۆرەی کە خۆیان پێیان باشە، لەبەرچاو بگرێ.**

## حیزبە سیاسییەکان

**تێکۆشانی حیزبە سیاسییەکان بۆ هەڵبژاردنی کاربەدستانی حکوومەتە و بۆ ئەوەیە تا یەک لەو دوو لایەنە بن:** ئەگەر لە باڵی زۆرینەن ئەوا ڕێبازی حکوومەت دیاری دەکەن و ئەگەر لە باڵی دژ و ئۆپۆزیسیۆنن، ڕەخنە لە سیاسەتەکانی حکوومەت دەگرن و بە هێنانە گۆڕیی باس و سیاسەتی جێگرەوە لە جێی سیاسەتی حکوومەت لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لە هەوڵی کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ خۆیان لە نێوان گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکاندا دەبن و لە بواری پرسە گشتییەکاندا خەڵکی بار دێنن و ڕێوشوێن و چوارچێوە بۆ باسە سیاسییەکان دادەڕێژن. لە هیندێک لە سیستەمە سیاسییەکاندا ئایدۆلۆژی لەوانەیە کاریگەریی گرینگ لە سەر ڕاکێشانی ئەندام بۆ لای حیزبێک دابنێ و لە سیستەمەکانی دیکەدا لەوانەیە وەک ئامانج، فاکتەری ئابووری یان ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکان گرینگتر لە فاکتەرەکانی دیکە بێنە بەرچاو و کاریگەریی خۆیان دابنێن.

**حیزبەکان ڕێکخستن و شێوازی کارکردنیان لەگەڵ یەکتر تەواو جیاوازە. لەلایەکی ئەو ڕیزبەندییەدا حکوومەت و سیستەمە پاڕلمانییە فرەحیزبییەکان دەبینین کەوەک ڕێکخراوگەلێکی تەواو ڕێکوپێک و بەدیسیپلین و بە شێوەوی تەواو وەخت لەلایەن کەسانی لێوەشاوە و پسپۆڕەوە بەڕێوە دەبرێن.**

لەلایەکی دیکەی لەو دابەشینەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبینین، یانی ئەو شوێنەی کە دوو حیزبی ڕکەبەر و سەرەکیی ئەو وڵاتە - کۆماریخواز و دێموکڕاتەکان کە ڕێکخراوگەلێکی زۆر بەهێز و تۆکمەن و چالاکییەکی بەربڵاویان لە کۆنگرێس و کۆمەڵگەی ئەو وڵاتە هەیە - هەر چوار ساڵ جارێک بۆ بەڕێوەبردنی ڕکەبەریی هەڵبژاردنەکاندا وەک ڕێکخراوگەلێکی نیشتمانیی چالاک خۆیان ڕێک دەخەن. هەڤرکیی هەڵبژاردنەکان لە سیستمێکی خەڵک سەروەر و دێموکراتدا زۆرجار کاتگر و پڕتێچوو و، هیندێ جاریش گەمژانە دێتە بەرچاو، بەڵام ئەوانە بەرپرسیارەتی و ئەرکێکی گرینگ و جیددییان لە ئەستۆیە کە خستنەڕووی شێوازێکی دادپەروەرانە و ئاشتیخوازانەیە کە خەڵک لەو ڕێگەیەوە بتوانن ڕێبەرانی خۆیان هەڵبژێرن و سیاسەتی گشتیی وڵات دیاری بکەن.

## گرووپە خاوەن بەرژەوەندی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان

لە هەر وڵاتێکی دێموکڕات و خەڵک سەروەردا هەر هاووڵاتییەک لەوانەیە ئەندامی هیندێک لە ڕێکخراوە خۆبەخش و تایبەتەکان و



سەرچاوە
Serchawe

یەک لەوان ئەو گرووپە خاوەن بەش و خاوەن بەرژەوەندییانە بێ کە تێدەکۆشن بە جۆرێک کاریگەری لە سەر سیاسەتە گشتییەکانی وڵات دابنێن و کاربەدەستانی وڵات ناچار بە بە گوێگرتن و شوێنکەوتوویی خۆیان بکەن.

لەوانەیە رەخنەگران کارتێکەری و دەسڕۆیشتوویی «گرووپە تایبەتەکان» بدەنە بەر رەخنە، بەڵام گرینگ ئەوەیە هەموو هاووڵاتیان دەزانن کە هەر حکوومەت و دەسەڵاتێکی گەلی داکۆکی لە مافی ئەو گرووپە خاوەن بەرژەوەندییانە بۆ رێکخستن و بەرگری لە ئامانجەکانیان دەکا.

زۆرێک لە گرووپە نەریتییەکانی گوشار لە چوارچێوەی پرسە ئابووری، بازرگانی و کشتوکاڵەکاندا خۆیان رێک دەخەن و هەروا لە زۆربەی دەسەڵاتە خەڵک سەروەرەکاندا یەکیەتییە کرێکارییەکان دەسەڵات و دەسڕۆیشتوویی زۆریان هەیە. لە هەرحاڵدا چییەتی و نێوەرۆکی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان و ژمارەی ئەو گرووپانە لە دەیەکانی رابردوودا یەکجار پەرەی سەندوە و بڵاو بۆتەوە، بە جۆرێک دەکرێ بڵێی کە ئەوان دەستیان بە تەواوی بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کلتووری، سیاسی و تەنانەت چالاکییە ئایینیییەکانیش داگرتوە.

رێکخراوە پیشەیی و پرۆفیشناڵەکان وێرای گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان لە سەر ئەو ئامانجە تایبەت و دیاریکراوانە- وەک چاوەدێرییە پزیشکییە پێشکەوتووەکان بۆ بێ ئەنواکان و پارێزگاری لە ژینگە - دامەزراون کە داهاتەکەی لەوانەیە راستەوخۆ بە ئەندامانی ئەو رێکخراوانە نەبڕێ. حکوومەتەکانیش لەوانەیە وەک گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان دەربکەون، وەک ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبینین کە ئەنجوومەنی قایمقامەکانی ویلایەتەکان و سەرۆکی شارەوانیی شارە گەورەکان و هەروەها دەزگای یاسادانەری ویلایەتەکان لە هێندیک بابەتدا راستەوخۆ لەگەڵ کۆنگرێسی ئەمریکا دەکەونە کار تا قورسایی خۆیان لە سەر یەکلاکردنەوەی پرسە پێوەندیدارەکان دابنێن.

میکانیزم و ئالییەتی سیاسەتی گرووپەکانی گوشار دەکرێ و لەوانەیە ئاڵۆز بێ و لێرەیدا ئەوی گرینگە ئەژمار و رەقەمەکانە. ئەو گرووپانە زۆرتر راو و سەرنجی کاربەدەستان بۆ لای خۆیان رادەکێشن کە لە ئاستی وڵاتدا دەسڕۆیشتوویی و لایەنگری زۆرتریان هەیە، بەڵام زۆرجاریش گرووپە چووکەتر یان رێکخراوە تۆکمەکان کە بە توندی دەرووەستی پرسە پێوەندیدارەکانی خۆیانن، کاریگەرییان لە سەر پرسە گشتییەکانی کۆمەڵگە و هەروەها کاربەدەستان زیاترە.

دروستبوونی رێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەوتییەکان یەکێک لە پێشکەوتنە هەرە گرینگ و بەرچاوەکانی چەند دەیەی رابردوو بووە. ئەو رێکخراوانە لە تێکۆشانی خۆیان بۆ دابینکردنی نیاز و پێداویستییەکانی نەتەوەیەک، کۆمەڵگەیەک، یان ئامانجێک تێدەکۆشن کە

لەوانەیە پێناسەیەکی جیهانی هەبێ و، لە ڕێگەی داکۆکی، بارهێنان و پەروەردە کردن و هەروەها ڕاکێشانی سەرنجی گشتی بۆلای پرسە گرینگە نیشتمانییەکان و چاوەدێری بە سەر کارو کردەکانی حکوومەت و کەرتی تایبەت توانیویانە ڕۆڵیان لە تەواو کردن و کاملکردنی پرۆژە و ئەرکەکانی حکوومەت دا هەبێ و تەنانەت پرسیار و گومانیان بخەنەر سەر.

حکوومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان گەلێ جار وەک شەریک و هاوبەشی یەکتر هاوکاریی دوولایەنەیان لەگەڵ یەکتر هەیە. لەوانەیە لەو پرۆژانەی کە حکوومەت کاری وەبەرهێنانیان تێدا دەکا، ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە دابینکردنی هێزی پسپۆڕ و کارامەی پێویست کار بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژانە بکەن.

ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەوانەیە هیچ ئینتیما یان بەسراوەیی سیاسییان بە کەسەوە نەبێ و یان لەوانەیە لایەنگری ئامانجە گرووپییەکان و پێوشوێنی ئامانجێکی تایبەت یان کۆمەڵە مەبەست و ئامانجێک بن کە لە بەرژەوەندیی گەل دایە. بەڵام خاڵی گرینگ و بنەڕەتی لە هەر هەلومەرجێکدا ئەوەیە کە ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ژێر کەمترین چاوەدێریی سیاسیی حکوومت و دەسەڵاتدا درێژە بە کار و چالاکییەکانیان دەدەن.

## پێوەندییە چەکداری و ناچەکداریەکان

شەڕ و ئاشتی لە ریزی ئەو باسە هەرە گرینگ و چارەنوسساز و ژیانەکییانەدان کە دەتوانن خۆیان لە ژیانی هەر نەتەوەیەکدا ببیننەوە و زۆربەی نەتەوەکان لە کاتی قەیرانەکاندا و بۆ چارەسەریی بارودۆخەکە پەنا بۆ هێزی چەک دەبەن. بەڵام لە دەسەڵاتێکی گەلی و خەڵکیدا ئەمە روو نادا. لە دەسەڵاتە خەڵک سەروەر و دێموکراتەکاندا بابەتەکانی پێوەندیدار بە بەرگری و هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر وڵات لە لایەن خەڵک و لە ڕێگەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەوانەوە بڕیاری لە سەر دەدرێ.

هێزە چەکدارەکان لە نیزامێکی گەلیدا سەرۆکایەتیی خەڵک ناکەن، بەڵکوو دەخزمەتی خەڵکی دان: سەرۆک و فەرماندەرانی سوپا لە نیزامێکی خەڵک سەروەدا دەبنە ڕاوێژکاری ڕێبەرانی هەڵبژێردراوی خەڵک و بڕیارەکانی ئەوان جێبەجێ دەکەن. تەنیا ئەو کەسانە خاوەنی دەسەڵاتی بڕیاردان لە سەر چارەنووسی نەتەوەیەکن کە لە لایەن خودی ئەو خەڵکەوە هەڵ بژێردرابێتن. ئەو ئەسڵە واتە چاوەدێریی هێزە چەکدارەکان لە لایەن هێزە سیاسی و ناچەکدارەکانەوە ئەسڵێکی بنەڕەتیی نیزامە گەلی و دێموکراتیکەکانە.

هێز و لایەنە ناچەکدارەکان دەبێ وەپێش هێزە چەکدارەکان کەون و لەگەڵ ئەوەی کە چاوەدێریی بڕیاری ئەوان دەکەن، بڕیاردان لە سەر پرسەکانی پێوەندیدار بە ئەمنیەتی نێشتمانی و بەرگریی وڵاتیشیان لە ئەستۆیە،


سەرچاوە
Serchawe

ئەوەش نەک بەو مانایەی پێیان وابێ لە هێزە چەکدارەکان لێزان و ورد و ژیرترن، بەڵکوو راست لەبەر ئەوەی کە ئەوان نوێنەر و هەڵبژێردراوی خەڵکن و هەر بۆیەش بەرپرسایەتی ئەو ئەرک و بڕیارانەی کە دەبێ وەڵامی خەڵکیان پێ بدرێتەوە، دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان.

هەبوون و پێویستیی هێزە چەکدارەکان لە وڵاتێکی خەڵک سەروەردا بۆ بەرگری لە وڵات و پاراستنی ئازادییەکانی خەڵکی ئەو وڵاتەیە. هێزە چەکدارەکان نابێ نوێنەرایەتیی لایەنێکی سیاسی یان گرووپێکی ئێتنیکی و کۆمەڵایەتیی تایبەت بکەن، یان بیانەوێ داکۆکییان لێ بکەن و پشتی یەکێک لەو لایەنانە بگرن. لە راستیدا وەفاداری و ئەمەگناسیی ئەوان بۆ ئامانجێکی بنەڕەتیتری خەڵک، بۆ دەسەڵاتی قانوون و بنەما سەرەکییەکانی حکومەتی گەلی و خەڵک سەروەرە. بە واتایەکی دیکە ئامانج لە هەبوونی هێزی چەکدار لە کۆمەڵگا دیموکراتیکەکاندا، بەرگری لە خەڵک و کۆمەڵگا، نەک پێناسە و دارشتنی قەوارە و پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەیە. هەر دەوڵەتێکی خەڵک سەروەریش بایەخ و گرینگیی تایبەت بە توانایی و لێهاتوویی هێزە نیزامییە پسپۆرەکانی خۆی دەدا و لە پرسە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە ئەمنیەتی نیشتمانی و بەرگریدا پرسیان پێ دەکا و راوێژەکانیان لە بڕیارەکاندا دەکار دەکا. بەڵام ئەوە تەنیا رێبەریی غەیرە نیزامیی هەڵبژێردراوی خەڵکن کە دوا بڕیاری چارەنووساز و یەکلاییکەرەوەیان لەلایە و دوایە ئەوە هێزە چەکدارەکان جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەیان پێ دەسپێردرێ.

## کلتووری خەڵک سەروەری

مرۆڤەکان ئامانج و خولیای جۆراوجۆریان هەیە کە هێندێ جار دەکەونە بەرامبەر و دژ بە یەکتریش. خەڵک ئەمنیەت و ئاسایشیان دەوێ بەڵام سەریان لە کێشەش دەخورێ و چێژ لەوەش وەردەگرن کە پەیجووری هەموو شتێک بن؛ ئەوان بۆ ئازادییە تاکەکەسییەکانیان تێ دەکۆشن و لەو کاتەشدا داوای بەرابەری و یەکسانیی کۆمەڵایەتیش دەکەن.

ئەو ئەسڵە لە حکومەتی خەڵک سەروریشدا بەرچاو دەکەوێ و ئەوەی لەو نێوەدا گرینگە پێداگری لە سەر ئەو خاڵەیە کە بوونی ئەو گرژی و ئاڵۆزییانە و تەنانەت ئەو بابەتە دژ بە یەکانە لە هەر کۆمەڵگایەکی خەڵک سەروەردا ئاساییە.

وەک یەک بیرکردەنەوە و ململانێیەکان لاری دیاموند، یەکێک لە نووسەران و توێژەرانی ئەمریکا دەڵێ کە دژایەتیی زەق و بەرچاو لە نێوان ململانێیەکان و وەک یەک بیرکردنەوە و کۆک بوونەکاندا هەیە. لە زۆر لایەنەوە دیموکراسی و خەڵک سەروەری شتێک نیە جگە لە کۆمەڵە رێوشوێن و قانوونێک کە بۆ چاوەدێریی ئەو ناکۆکییانە داندراون. ئەو ناکۆکییانە هەر لە جێدا دەبێ لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراودا پێشیان پێ بگیرێ و لە ئاکامدا جۆرێک لە پێکەوە سازان، لە یەکتر تێگەیشتن و رێککەوتنی وای لێ بکەوێتەوە کە هەموو لایەنەکان لە سەری ساغ ببنەوە و کێشەی لە سەر نەکەن.

پێداگریی زێدە لەرادە لە سەر یەک لایەنی ئەو هاوکێشەیە دەتوانی مەترسی لە سەر هەموو بەڵێن و دەربەستییەکان دروست بکا. ئەگەر گرووپە جیاوازەکان پێیان وا نەبێ کە خەڵک سەروەری تەنیا سەکۆیەک بۆ دەربڕینی ویستەکانیانە، ئەوا کۆمەڵگا لە هەناوی خۆیدا هەرەس دێنێ و لەبەر یەک هەڵ دەوەشێ. ئەگەر دەوڵەتیش فشاری زیدە لە رادە بخاتە سەر لایەنەکان بۆ ئەوەی وەک یەک بیر بکەنەوە و دەنگی خەڵکی لە گەروویاندا بخنکێنی، ئەوا ئەو کات کۆمەڵگا لە سەروورا ورد و خاش دەبێ. وا چارەسەرێکی ئەوتۆ بۆ هاوکێشەی نێوان ململانێیەکان - وەک یەک روانین و بیرکردنەوەکان بەئاسانی دەست ناکەوێ. خەڵک سەروەری ئۆتۆمبیل نیە کە لەجێی خۆی هەڵ بێ و بەپێی دەستوور و ئەمر پێکردنەکان رێ بکەوێ. کۆمەڵگایەکی خەڵک سەروەر پێویستی بە دەربەستبونی ئەو هاووڵاتییانە هەیە کە دەزانن ناکۆکیی نێوان ململانێیەکان و وەک یەک بیرنەکردنەوەکان پێویستی بە لە سەرەخۆیی و دان بەخۆداگرتن هەیە. لەو گۆشە نیگایەوە تێگەیشتن لەو خاڵە گرینگە کە لە کۆمەڵگایەکی خەڵک سەروەردا زۆرێک لە ململانییەکان، ململانێی نیوان «حەق» و «باتڵ» نیە، بەڵکوو ململانێ و ناکۆکی لە سەر تێگەیشتنەکان لەبارەی مافی خەڵک و ئەولەوییەتە کۆمەڵایەتییەکانە.

## خەڵک سەروەری و پرسی بارهێنان

**پەروەردەو بارهێنان یەکێک لە سەرەکیترین پاژەکانی هەر کۆمەڵگایەک، بە تایبەت کۆمەڵگای خەڵک سەروەرە. «توماس جێفرسۆن» لەو بارەوەی دەڵێ:** «ئەگەر نەتەوەیەک چاوەڕوانیی ئەوەی هەبێ نەزان و لە هەمان کاتدا ئازاد و رزگار بێ، ئەو نەتەوەیە لە چاوەڕوانی شتێک دایە کە لەبنەوە بوونی نیە و قەتیش نابێ».

بابەتی پەروەردە و بارهێنان لەگەڵ بایەخە گشتییەکانی خەڵک پێوەندییەکی راستەوخۆیان پێکەوە هەیە: بەرنامە و جۆری چالاکییەکان لە نیزامێکی گەلی و خەڵک سەروەردا پشتی رێوشوێن و پرەنسیپەکانی دەسەلاتی گەلی دەگرن. لە نیزامێکی خەڵک سەوەردا ئەو پرۆسەیەی گواستنەوەی پەروەردەیە پرۆسەیەکی گرینگ و ژیانەکییە، چونکی دەسەڵاتە شوێنندانەرە گەلییەکان، ئەو حکومەتە روو لە هەڵدان و گەشەن و نموونەی ئەو دەوڵەتانە دەدەنە دەرێ کە داوای سەربەخۆیی فیکریی خەڵکی و هاووڵاتییان دەکەن. لە نیزامی سیاسیی خەڵک سەروەردا هەل و دەرفەتەکان بۆ گۆڕانکاریی پۆزەتیڤی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە بەردەستی خەڵک دایە. دەوڵەتەکان نابێ پەروەردە وەک چەک و ئامرازێک بۆ گوێدادان و شت دەمێشک ئاخنینی قوتابیان بەکار بێنن، بەڵکوو هەر ئەو جۆرەی کە تێ دەکۆشن بەرگریکاری پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵکی بن، سەرچاوە و بەشێکی گرینگ لە داهاتی خۆیان تەرخانی پرسی پەروەردە بکەن.

لە کۆمەڵگاکانی دێموکرات و گەلیدا پێچەوانەی کۆمەڵگای تەواوەتی خواز کە تێیدا پەروەردە بۆ بارهێنانی وەچەی گوێ لەدەم و بێ دەسەڵاتە، بنەمای کاری پەروەدە بۆ بارهێنانی کەسایەتیی سەربەخۆ، بزۆز و لە هەمان کاتدا ئاشنا بە رێوشوێن و چوارچیوەکانی خەڵک سەروەرییە.

«چێستێر ئێ. فین. جۆنیۆر»، یەکێ لە کارناسانی پایەبەرزی بنیاتی سیاسەتدانانی پەروەردەیی «هوویێر» لە ئەمریکا دەڵێ: خەڵک لەوانەیە بە ئازادیی تاکەکەسیی خۆیان لە دایک بن، بەڵام بەو زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە دایک نابن کە بە درێژایی تەمەنیان ئازادی بۆ خۆیان و بۆ منداڵەکانیان بە دیاری دێنی.... ئەو جۆرە شتانە دەبێ وەدەست بهێندرێ و ئەوانە دەبێ فێریان ببین.» فێربوونی زانست و بابەتەکانی پێوەندیدار بە خەڵک سەروەری لە قۆناغی سەرەتایی خوێندن را دەست پێ دەکا و لە رەوتی ئاڵۆزییەکانی ژیانی شاری و کونجکۆڵی لەبارەی ئەو زانیارییە بێ ئەژمارانەدا درێژەی دەبێ کە لە کۆمەڵگایەکی ئازاد دا لە بەردەستی خەڵکی دان.

## خەڵک سەروەری و کۆمەڵگا

لایەنگری لە حکومەتێکی گەلیی پشت ئەستوور بە قانوون بناغەی پێکهاتەیەک دادەرێژێ کە لەو دا کۆمەڵگا بە هۆی سازان و لێکدرانی بۆچوونەکان، خەڵک و ناوەند و دامەزراوەکان بەرەو حەقیقەت و راستییەکان رێ دەکەوێ، هەنگاونانێک کە لەوانەیە تا رادەیەک کەموکەڕی هەبێ. خەڵک سەروەری راستیخوازە و واقحەکان وەک خۆیان دەبینێ. بۆچوونەکان و رێگەچارەی کێشەکان ناخرێنە تاقیکردنەوە لە چوارچێوەی جۆرە بووچێنێکی دوگم دا، بەڵکوو لە دنیایەکی راستەقینەدا تاقی دەکرێنەوە و ئەزموونیان لێ وەردەگیرێ، دنیایەکی واقعی کە کێشەکانی تێدا دەخرێتە بەر باس و تێیدا دەرەنجامەکان دەگۆڕدرێن، قەبووڵ دەکرێن و یان دەنا وەرناگیرێن و باسیان لە سەر دەکرێتەوە.

«دایان راویچ»، لێکۆڵەرێکی بواری زانستی سیاسی دەڵێ: «رووحی هەڵسوکەتی خەڵکییانە پێکهێنانی هاوپێوەندییە.

دروتکردنی هاوپێوەندی و ئیئتلاف گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان فێر دەکا لەگەڵ یەکتر دابنیشن، قسە بکەن و لە سەر بابەتەکان لەگەڵ یەکتر بسازێن و لە چوارچێوەی نیزامێکی قانوونیدا لەگەڵ یەکتر کار بکەن. گرووپ و لایەنە جیاوازەکان لە رێگەی دروستکردنی هاوپێوەندی و بە روانگە جیاوازەکانەوە فێر دەبن کە چۆناوچۆن بێ گرژی لە سەر بابەتێک قسە بکەن، چۆن لە چوارچێوەیەکی قانوونیدا پێویشوێنی مەبەستەکانی خۆیان کەون و دواجار ئەوەی کە چۆن لە دنیایەکی پڕ لە جیاوازی و فرەییدا بژین.» دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەری ناکرێ قەت هەڵە نەکا، ناکرێ کۆتایی بە کێشە و ململانێی ئیتنیکەکان بێنێ و ناتوانێ تاهەتایە کامەرانی و خۆشبژێویی خەڵک دابین و گەرەنتی بکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێگە بە هێنانەبەرباسی باسە گشتییەکان دەدا، کلتووری باسی گشتی جێ دەخا و ئەو ئیزن و دەرفەتە بە گرووپە جیاوازەکان دەدا تا لەگەڵ یەکتر دابنیشن و کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن، دەرفەت بۆ هەڵدان و گەشەی ئابووری پێک دێنێ و بوار بۆ پێشڤەچوونی کۆمەلایەتی و دەبرینی بۆچوونی تاکەکەسی خۆش دەکا.

«جۆزێف برادسکی»، شاعیری کۆچکردووی بەڕەچەڵەک روسیی خاوەنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دەڵێ: «ئینسانی ئازاد کاتێ لە شتێکدا دەدۆڕێ، لۆمەی کەسیتر ناکا.» ئەو قسەیە لەبارەی هاووڵاتیان لە دەسەڵات و حکومەتێکی خەڵک سەروەریشدا راستە کە بۆخۆیان ئەو کۆمەڵگایەیان بۆ ژیان دروست کردوە و ئەوە هەر بۆ خۆشیانن کە لە پێناو چارەنووسی ئەو کۆمەڵگایەدا دەبێ ئەرک وەخۆگر بن و بیپارێزن.

خەڵک سەروەری هەر لە خۆڕا زەمانەتی هەموو شتێک ناکا. بەڵام بە جێی ئەوە دێ و بۆ سەرکەوتنەکان دەرفەت دروست دەکا و مەترسییەکانی تێکشکانیش دەستێنیشان دەکا.

وەک چۆن «توماس جیفێرسون» ژیرانە ئاماژە پێ دەدا کە مزگێنیی خەڵک سەروەری «ژیان، ئازادی و گەڕان بە دوای کامەرانی و بەختەوەرییە». بەو پێیە خەڵک سەروەری هەم دەرفەتە و هەم ململانێ و بەربەرەکانێ. خەڵک سەروەری مزگێنیە، چونکی خەڵکانی ئازاد بە هاوکاریی یەکتر دەتوانن جۆرێک خۆیان بەرێوە ببەن کە یارمەتیی وەدیهاتنی ئازادییە کەسییەکان، دەرفەتە ئابورییەکان و یەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان بدا. ململانێ و بەربەرەکانیشە چونکی سەرکەوتنی کۆمەڵگایەکی خەڵک سەروەر لە ئەستۆی تاک تاکی هاووڵاتیانە، نەک هیچ کەسێکی دیکە.

له ژمارەکانی: ٥٨٦، ٥٨٧، ٥٨٨، ٥٨٩، ٥٩٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد.

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧١٢ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠١٢ی زاینیی

نۆژەنکردنەوە: گەلاوێژی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی

---



سەرچاوە Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ عەلی بداغی بۆ وەرگێڕان و ئامادەکردنی ئەم بابەتە.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

